https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.6

e-ISSN (2617-0752)    p-ISSN (2617-0744)

# جێبەجێكردنی تیۆری بنیادیی وەزیفی لەسەر خێزان لە كۆمەڵگەی هەرێمی كوردستاندا[1]

## توێژینەوەیەكی تیۆرییە

م. ی. زەریا أحمد طاهر
زانكۆی سەلاحەددین ـ كۆلێژی ئاداب
Zarya19ahmad81@gmail.com

سەرپەرشت: پ. ی. د. نوری یاسین هەرزانی
بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی
noori.harzani@mhe-krg.org

**پوختە:**

دەرکەوتنی خێزان هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لەسەر زەوی. ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە تیۆری بنیادیی وەزیفی بەسەر خێزان لە کۆمەڵگەی کوردستانی جێبەجێبکات و دواتر دەرخستنی بنیاد و ئەرکەکانی خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاریی تیۆرییە، هەروەها میتۆدی چۆنایەتی بەکارهێناوە و توێژەر پشتی بە شیکردنەوەی دەقی تیۆری بەستووە، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەرێمی کوردستان. لەناو چوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسیدا یەکێک لەو تیۆرانەی بایەخێکی تایبەتی بە خێزان داوە بریتییە لە تیۆری بنیادیی وەزیفی. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە جێبەجێکردنی بنەما سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە لەسەر خێزان بە گشتی و خێزانی کوردی بە تایبەتی. لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە، بریتییە لەوەی کە خێزان وەک گرنگترین گروپی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە تاک بەرهەمدێنێت و پێداویستییەکانیان فەراهەم دەکات، چونکە تاک پێویستی بە هاوکاری خێزانە بۆ ئەوەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی بەردەوام بێت. سەرەڕای ئەو گۆڕانانەی کە لە جیهان و کوردستانیش ڕوودەدەن خێزانی کوردیش تا ئاستێک توانیویەتی پارێزگاری لەو بەها کۆمەڵایەتییانە بکات کە پەسەندن. سەرەڕای ئەوەش زۆرێک لە ئەرک و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی تاکەکان لەژێر کاریگەریی ئەم بارودۆخانە گۆڕاون.

**وشە کلیلییەکان:** بونیادی وەزیفی، خێزان، کۆمەڵگای کوردستانی.

## جێبەجێکردنی تیۆری بنیادیی وەزیفی لەسەر خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا[1]

## توێژینەوەیەکی تیۆرییە

### پێشەکی

ئاشکرایە خێزان یەکەم دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە کە مرۆڤ پێی ئاشنایە، هەروەها بنەمای کۆمەڵگەیە و چوارچێوەیەکە کەوا تاکەکان ژیانی کۆمەڵایەتییان تێیدا دەگوزەرێنن، چونکە خێزان بچوکترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ڕۆڵی سەرکردایەتی لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەگرێتە ئەستۆ. بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا خێزان هەبووە و هەیە، بەڵام جۆر و قەبارە و ئەرکەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کۆمەڵە ئەرکێکیشی لەسەر شانە لەپێناو مانەوەی جۆری مرۆڤایەتی و بەردەوامیدان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووری. خێزان کاریگەر و کارتێکراوە بە سەرجەم دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە. خێزان بە بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە دادەنرێت، چونکە هەر گۆڕانێک لە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە ڕوودەدات لەوانە سیستەمی ئابووری، سیاسی، ئاینی، پەروەردەیی و پیشەسازی، ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر سیستەمی خێزان دەبێت (ترکیە، ٢٠٠٤: ١٧). هەروەها چەمکی خێزان ژینگەیەکی بنەڕەتییە بۆ گەشەسەندنی تاک لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە کاریگەرترین ژینگەیە لە ئاراستەکردنی تاکەکان بۆ ژیان. کەواتە خێزان یەکەم دامەزراوەیە لە بنیادنانی کەسایەتی بۆ تاکەکان چونکە بەرپرسە لە دابینکردنی پێداویستی و پێدانی ڕەفتار و بەها و پێوەرەکان. کەواتە خێزان یەکێکە لە گرنگترین سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا، چونکە مرۆڤ هەر لەسەرەتای تەمەنییەوە تا کۆتایی ژیانی لەگەڵی دەبێت و تەندروستی کۆمەڵگەش پەیوەستە بە تەندروستی تاک و

خێـزانەوە (أونســة، ٢٠١٤: ٢١-٢٢). زیــاتر لەوەش خێــزان یەکەیەکــی کۆمەڵایەتی سەرەکییە لە بنیادی کۆمەڵایەتی، کە پێکهاتووە لە ژن و مێرد بە پەیوەنـدییەکی یاسـایی و ئەخلاقـی و ئـاینییەوە گرێـدراوە، هەروەهـا هەموویــان بەرپرســن بەرامــبەر ڕۆڵەکانیــان و ئەرک و مــافی جیــاواز لەخۆدەگرن. بۆیە وەک یەکەیەکی بنیادی ڕۆڵـی سـەرەکی لە گەشەسـەندن و بنیادنان و جێگیربوونی کۆمەڵگە هەیە، هەروەهـا ڕۆڵـی لە ڕێکخسـتن و ئاراسـتەکردنی ڕەفتـاری تاکەکـان هەیە، چـونکە زنجیرەیەکـی ناوەنـدە لە نێــوان ســەرجەم دامەزراوەکــان و کــۆمەڵگە، هەروەهــا ئــامرازێکە لە ئامرازەکــانی کــۆنترۆڵی کــۆمەڵایەتی، وەک سیســتەمێکی گــرنگیش بە سەرچاوەی پێدانی بەهای ئەخلاقی و ڕێکخستنی ڕەفتاری تاک دادەنرێت، چونکە سەرچاوەیەکی گرنگە لە گەیاندنی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (سالم و المقیل، ٢٠١٤: ٢١-٢٥).

تیــۆری بنیــادیی وەزیفــی تیــۆرێکی گشــتگیرە کە بەکــارهێنراوە و جێبەجێکـراوە لەســەر بــابەتی خێـزان، هەروەهــا بە یەکێـک لە ئاڕاسـتە سەرەکییەکان دادەنرێت لە کۆمەڵناسی، وەک چوارچێوەیەکیش بەکاردێت بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی ناو خێزان. بۆ نموونە: ئەو پەیوەندییانەی کە لە نێــوان ژن، مێــرد و منداڵــدا هەیە، لەگەڵ کــاریگەری هەمــوو سیسـتەمەکان لە کـۆمەڵگە لەسـەر خێـزان لەوانە: پەروەردە، ئـابووری، سیاسی و ئاین، بەهەمان شێوە کاریگەری خێزانیش لەسەر سیستەمەکانی تر. بۆیە ئەم تیۆرە بە گرنگترین تیۆر دادەنرێت لە توێژینەوەی خێزان. یەکێـک لە خـاڵە گرنگەکـانی ئەم تیـۆرە ئەوەیە کە هەوڵـی شـیکردنەوەی هەمـوو بەشـەکانی نـاو سیسـتەمەکە دەدات لە کۆمەڵگە لەگەڵ پەیوەنـدی بەشـەکان لەنـاو خۆیانـدا و وەسـفکردنی بەشـەکان و پەیوەنـدی نێوانیـان بەیەکتــری لەگەڵ پارێزگــاریکردن لە ئەرکەکانیــان. خێــزان دەبێــت بە یەکەیەکی بنیادی کە پێکهاتووە لە ژن و مێرد بە یەکتر پەیوەستن بەهۆی سیســتەمێکی کــۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ منــداڵەکانیان بەهــۆی پەیوەســتی

بایۆلۆژییەوە یاخود بەهۆی تەبەنیکردنەوە (حسن، ١٩٨٢: ٣٩٨). دەکرێت بڵێین خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بایۆلۆژی و کلتوورییە، لە کـۆمەڵە تاکێـک پێکهـاتووە و بە پەیوەنـدییەکی هاوسـەرگیرییەوە پەیوەسـتن بە یەکتـر کە گیـانی هاوکـاری تێـدایە، وەک چوارچێـوەیەکیش زنجیرەیەک کارلێک و ڕۆڵ و پێگەی تێدا دەبینرێت، هەروەهـا بە کۆمەڵێک ئەرکی پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، کلتووری و ئابووری هەڵدەستێت (البلق أسماء، ٢٠١٥: ١١).

لەگەڵ ئەوەش بەهـۆی هەژاری و قەیرانـی دارایـیەوە لە سـاڵی (٢٠١٣)ەوە ڕێـژەی هەژاری لە کوردسـتان ڕوو لەزیـادبوونە. چـونکە لە سـاڵی (٢٠١٣)دا بە ڕێـژەی (٣/٨٪) دانیشـتووان لەژێـر هێڵـی هەژاریـیەوە بـوون. بەڵام لە سـاڵی (٢٠١٧) دا بە ڕێـژەی (١٤٪) ی دانیشـتووان لەژێـر هێڵـی هەژارییەوەن، چـونکە ئـابووری هەرێمـی کوردسـتان بەڕێژەی (٥٪) کەمی کردووە.

کۆی گشـتی ژمـارەی دانیشـتووانی هەرێمـی کوردسـتان بە نزیکەیـی دەکـاتە (٧:٢٨٣:٧٥٠). هەروەهـا ڕێـژەی گەشـەی ژمـارەی دانیشـتووانی هەرێمـی کوردسـتان دەکـاتە (٢:٨٪)، لەگەڵ ئەوەش بە نزیکەیـی بـۆ سـاڵی (٢٠١٨) شـاری هەولێـر ژمـارەی دانشـتوانی پێکهـاتووە لە (١:٠١٠:٧٥٠) کەس. بەڵام ئەم ڕێـژەیە لە سـاڵی (٢٠٠٩) بەپێـی ئەنجامەکـانی گەمارۆسازی نزیکەی (١٧٠٦١٨٢) کەس دەبێت، بەڵام مەزەندەی ژمـارەی دانیشـتوانی شـاری هەولێر بۆ سـاڵی (٢٠٢٠) دەگـاتە نـزیکەی (٢٢٥٤٤٢٢) کەس (سـەرجەم دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان، ئامـاری نـوێی مـانگی یەکی ساڵی ٢٠١٨، ڕاپۆرتی پێشبینی دانیشتووانی هەرێمی کوردسـتان بـۆ مـاوەی (٢٠٠٩- ٢٠٢٠)، بەشـی دانیشـتووان و هێـزی کـار، لە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر وەرگیراوە).

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە تیۆری بنیادیی وەزیفی بەسەر خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا جێبەجێبکریت، چۆن خێزان بەپێی ئەم تیۆرە شیکراوەتەوە، ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پێشەکی پێکهاتووە لە ڕەگەزە سەرەکییەکان و میتۆدۆلۆژیایی توێژینەوە و هەروەها تیۆری بنیادیی وەزیفی و خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەخۆ، لە کۆتاییشدا دەرئەنجام، ڕاسپاردە و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## ١-١ گرفتی توێژینەوەکە

دەستنیشانکردنی پرسی توێژینەوە مەرجێکی سەرەکییە لە هەر توێژینەوەیەکی زانستییش، ئەو بابەتەش وەک پرسێکی ئاڵۆز لە هزر و خەیاڵی توێژەر گەڵاڵە دەبێت و دواجار بە چەند پرسیارێکی سەرەکی گوزارشتی لێدەکرێت. ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەم چەند ساڵەی دوایی ڕوویانداوە، بۆتە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی سیستەمە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی...، خێزانیش وەک بەشێکی بچووکی بنیادی کۆمەڵایەتی لەم گۆڕانکارییانە بێبەش نەبووە، گرفتی ئەم توێژینەوەیە جێبەجێکردنی تیۆری بنیادیی وەزیفییە بەسەر خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان. بۆیە کاتێک پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی ئەم تیۆرە لە بابەتی خێزان بەکاردێنن پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە: ئەرکەکانی خێزان چیەبێ ئەو ئەرکانەی تاک لە پێناو خزمەتکردنی خێزانەکەی ئەنجامی دەدات چینبێ ئەو پێداویستییانەی خێزان بۆ تاکەکان دابینی دەکات چینبێ

## ١- ٢ گرنگیی توێژینەوەکە

تیشک خستنەسەر تەوزیفکردنی تیۆری بنیادیی وەزیفی بەسەر خێزان لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان، بە پشتبەستن بە تیۆری زانستی و ئاڕاستە و شیکرنەوەیەکی کۆمەڵایەتییانە بۆ ئەو بارودۆخە، گرنگی زانستی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات. بە واتەیەکی تر دەکرێت بڵێین

گرنگیی توێژینەوەکە لەو خاڵەدا بەرجەستە دەبێت کە بنیادی ئەرکەکانی و خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان چۆنە و دواتر چۆن ئەم تیۆرەی بەسەردا جێبەجێدەکرێت.

### ١-٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەن:

١- تا چەند دەتوانین لەژێر ڕۆشنایی تیۆری بنیادیی وەزیفی خوێندنەوە بۆ خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا بکەین.

٢- نیشاندان و دەرخستنی بنیاد و ئەرکی خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان.

### ١-٤ چەمکەکانی توێژینەوەکە

دەکرێت چەمکە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیە ڕوونبکەینەوە:

**خێزان**

خێزان بە بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە دادەنرێت، هەر گۆڕانێک لە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە ڕوودەدات لەوانە: ئابووری، سیاسی، ئاینی، پەروەردەیی و پیشەسازی ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر سیستەمی خێزان دەبێت (ترکیة، ٢٠٠٤: ١٧). خێزان ژینگەیەکی بنەڕەتییە بۆ گەشەسەندنی تاک لە ڕووی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە کاریگەرترین ژینگەیە لە ئاڕاستەکردنی تاکەکان بۆ ژیان. کەواتە خێزان یەکەم دامەزراوەیە لە بنیادنانی کەسایەتی تاکەکان، چونکە بەرپرسە لە دابینکردنی

پێداویستی، پێدانی ڕەفتار، بەها و پێوەرەکان. یەکێکیشە لە گرنگترین سیستەم و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا، چونکە مرۆڤ هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە تا کۆتایی ژیانی لەگەڵی دەبێت و تەندروستی کۆمەڵگەش پەیوەستە بە تەندروستی تاک و خێزانەوە (أونسة، ٢٠١٤: ٢١-٢٢). زیاتر لەوە خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سەرەکییە لە بنیادی کۆمەڵایەتی، کە پێکهاتووە لە ژن و مێرد بە پەیوەندییەکی یاسایی، ئەخلاقی و ئاینیەوە گرێدراون، هەروەها هەردووکیان بەرپرسن بەرانبەر ڕۆڵەکانیان و ئەرک و مافی جیاوازیان هەیە. بۆیە وەک یەکەیەکی بنیادی ڕۆڵی سەرەکی لە گەشەسەندن و بنیادنان و جێگیربوونی کۆمەڵگە دەگێڕێت، هەروەها ڕۆڵی لە ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاکەکانیان هەیە، چونکە زنجیرەیەکی ناوەندە لە نێوان سەرجەم دامەزراوەکان و کۆمەڵگە. ئامرازێکە لە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، وەک سیستەمێکی گرنگیش بە سەرچاوەی پێدانی بەهای ئەخلاقی و ڕێکخستنی ڕەفتاری تاک دادەنرێت، چونکە سەرچاوەیەکی گرنگە لە گەیاندنی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (سالم و المقیل، ٢٠١٤: ٢١-٢٥). پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی خێزان لەم توێژینەوەیەدا بەم شێوەیەیە: خێزان سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان کە بەپێی شیکردنەوەی تیۆری بنیادیی وەزیفی، ئەم سیستەمە پەیوەستە بە سەرجەم سیستەمەکانی تری کۆمەڵگە و لە ڕووی ئەرکیشەوە یەکتر تەواو دەکەن.

**کۆمەڵگە**

گردبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی مرۆییە، کە پێکدێت لە کۆمەڵە سیستەم و یاسا و ڕێسایەک کە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشاندەکەن بەسەر

تاکەکـانی کـۆمەڵگە، زیـاد لەمەش کـۆمەڵگە پشـت بە تاکەکـانی خـۆی دەبەستێت لە یەکگرتوویی و یەکانگیری، چونکە بەبێ تاک کۆمەڵگە هیچ بایەخی نییە، بەهەمان شێوە بۆ تاکیش، واتە هەردووکیان کاریگەرییان بەسەر یەکترییەوە هەیە (الدویکات، ٢٠١٨: ؟). کەواتە کۆمەڵگە لە کۆمەڵە تاکێک پێکهاتووە کە لێکچوو و نزیکن لە ڕوانگەی ڕاوبۆچوون، بیروباوەڕ، زمـان، دابونەریـت و بەهاکـان، کە بەیەکەوە دەژیـن لە چوارچێـوەی نـاوچەیەکی جـوگرافی دیـاریکراو، کەوا پەیوەسـتن بەیەکتـرەوە بەهـۆی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کە لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە دێت، هەموو تـاکێکیش کـار و ئەرکـی تـایبەت بەخـۆی هەیە، کە کـار بـۆ بنیـادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکەی دەکات، هەریەک لەو تاکانەش کە لەو چوارچێوە جوگرافییە دەژین هەستی لایەنگیری و ڕۆحێکی بە کۆمەڵیان هەیە (عبیـد، ٢٠١٨: ؟). بـەپێی ناونیشـانی ئـەم توێژینەوەیـە چـەمکی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بریتییە لە کۆمەڵە تاکێک کە سنووریکی جوگرافی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە و کۆمەڵە پێکهاتەیەکی جیاواز لە نەتەوە لە ڕووی کلتوور و ئاین کۆبوونەتەوە.

## ٢/ تیۆری بنیادیی وەزیفی و شیکردنەوەی ڕەوشی خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا

لـەم بەشـەدا لەسـەر بنـەمای خسـتنەڕووی تیـۆری بنیـادیی وەزیفـی، خوێندنەوەیـەکی بابەتییانـە بـۆ خێـزان لـە کۆمەڵگـەی هەرێمـی کوردسـتان کراوە.

ئەم تیـۆرە پێکهـاتووە لە دوو چەمکـی سـەرەکی و ڕۆڵـی هەیە لە شـیکردنەوەی کـۆمەڵگە، ئەم چەمکـانەش بـریتین لە چەمکـی بنیـاد (structure) و ئەرک (Function). ئەم دوو چەمکە بڕبڕەی پشتی ئەم تیـۆرەن، کە بە یەکێـک لە ئاڕاسـتە هـزرییە کـۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکـان دادەنرێت، چـونکە تێکەڵـی دوو تیـۆری کـۆمەڵایەتیی جیـاوازە، ئەوانـیش

تیۆری بنیادی کە دامەزرێنەرانی پێکهاتوون لە: (لیفی شتراوس، دۆرکایم، کارل مانهایم)، لەگەڵ تیۆری وەزیفی کە دامەزرێنەرانی بریتیین لە: (ئۆگست کۆنت، هێربەرت سپنسەر، ڕۆبەرت میرتون). ئەم تیۆرە لە سەرەتای سەدەی بیستەم توانی پێگەیەکی بەرز لە بواری کۆمەڵناسی وەربگرێت، ئەمەش لەژێر کاریگەریی بواری مرۆڤناسی کۆمەڵایەتییەوە بوو (الزیباری، ٢٠١٦: ٩٥).

کاتێک توێژینەوە لەبارەی خێزانەوە دەکرێت دەبێت بگەڕێینەوە بۆ چەمک و تێڕوانینەکانی تیۆری بنیادیی وەزیفی و بەکارهێنانی هەندێک هزری گشتی لەم تیۆرە، بۆیە چەند پرسیارێک دێتە پێش ئەوانیش: سروشتی ئەرکەکانی خێزان چینبێ پەیوەندی خێزان بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی تر چیەبێ ئەو ئەرک و پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکراوانە چین کە لە نێوان سەرجەم سیستەمەکاندا هەیە بە گشتیبێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ خێزان، چونکە بەشێک لە بنیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە پێکدێنێت و ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە، وەک سیستەمێکیش پەیوەستە بە سەرجەم سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی تری کۆمەڵگە (عبدالرحمن و غنیم، ٢٠٠٨: ١٧٩). بۆیە ئەم تیۆرە زیاتر لە تیۆرەکانی تر گرنگی بە توێژینەوەی خێزان دەدات، و جەخت لەسەر ئەو پەیوەندییانە دەکاتەوە کە خێزان بە دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە دەبەستێتەوە، لەگەڵ ئەو ئەرکانەی کە خێزان دەیگێڕێت بەرانبەر بە تاک و کۆمەڵگە بەگشتی. یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بەکارهێنانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ نەرمی و ئاسانی و توانای ئەم تیۆرە لە شیکردنەوەی زۆرێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە (القریشی، ٢٠١٧: ؟).

### ٢-١ پوختەی تیۆری بنیادیی وەزیفی

ئەم تیۆرە وەسفی کۆمەڵگە دەکات بە سیستەمێکی گشتی، ئەم سیستەمەش کۆمەڵێک دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و کلتووری دەگرێتە خۆی،

ئەم دامەزراوانەش پەیوەستن بە سروشتی کردە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەپێناو خزمەتکردن بە مرۆڤ و دابینکردنی پێداویستیەکانی. ئەم تیۆرە گرنگی بە توێژینەوەی بنەچە، گەشەسەندن و پێشکەوتنی خێزان نادات، بەڵکو وەسفی خێزان دەکات وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، کە لە چەند بەشێکی جیاواز پێکهاتووە و پەیوەندییەکی تەواوکار و ئاڵوگۆڕکراو لە نێوانیاندا هەیە، واتە پەیوەندی بەش بە گشت شیدەکاتەوە (العبدالله وآخرون، ٢٠١٦: ٦٧). ئەم تیۆرە لە بنەڕەتەوە لە هزری (تیۆری گشتاڵتی) هاتووە کە تیۆرێکی دەروونییە، بۆچوونی ئەم تیۆرە بریتییە لە هەوڵدان بۆ زانینی تەواوکاری بەشەکان لە گشتدا هەروەها شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان بەشەکان بە گشت هەر بەشێکیش لە سیستەمەکەدا ئەرکێکی هەیە وەک ئەندامەکانی جەستە ئەرکی تایبەت بە خۆیان هەیە. بنیادی کۆمەڵایەتی خێزان یەکە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکراوەکان ڕێکدەخات لە نێوان خێزان و کۆمەڵگە، لە گرنگترین پێشەنگانی ئەم تیۆرە (پارسۆنز، میرتۆن، سۆرۆگن، لیڤی) بوون (هەمان سەرچاوە، ٢٠١٦: ١٢٤).

کەواتە ئەم تیۆرە لەسەر دەستی (تالکۆت پاسۆنز، کنجزلی دیفیز و ڕۆبەرت مێرتۆن) دەرکەوتووە و ئەمانە پێیانوایە کۆمەڵگە لە کۆمەڵێک دامەزراوە پێکهاتووە. هەر دامەزراوەیەکیش وەزیفەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەمەش پێداویستی تاکەکان دەستەبەردەبێت و ئامانجی کۆمەڵگە دێتەدی (الحسن، ١٩٩٩: ٥٧٠). زۆربەی شیکردنەوەکانی زانایانی تیۆری بنیادیی وەزیفی دەگەڕێتەوە بۆ پێشەنگانی کۆمەڵناسە ڕۆژئاواییەکان کە لە سەدەی نۆزدە لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵناسی، لەوانە (ئۆگست کۆنت، سپنسەر، دۆرکایم، ڤێبەر، پاریتۆ، سمول) ئەمانە پسپۆرانی جیلی یەکەمی بنیادیی وەزیفیین، تێڕوانینەکانیان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تاکو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەردەوام بووە (عبدالرحمن و غنيم، ٢٠٠٨: ١١٧).

**٢-٢ بنەما سەرەكییەكانی تیۆری بنیادیی وەزیفی**

ئەم تیۆرە بڕوای بە چەند پڕەنسیپێكی گرنگ هەیە و كاریان لەسەر دەكات، ئەوانیش بریتین لە:

١- تیۆری بنیادیی وەزیفی دەڵێت: كۆمەڵگە یاخود دامەزراوە هەرچەندە ئامانج و قەبارەیان جیاواز بێت بەڵام بەیەكەوە گرێدراون و وەڵامی یەكتردەدەنەوە، هەروەها دەكرێت دامەزراوەكان بە شێوەی بنیادیی وەزیفی شیبكرێنەوە بۆ بەش و ڕەگەزە یەكەمینەكانیان كە هەریەكەیان ئەركی سەرەكیی خۆیان هەیە. ئەو بەشانەش كە دامەزراوە یاخود كۆمەڵگە پێكدێنن بەشی تەواوكارن، واتە یەكتر تەواودەكەن هەر گۆڕانێكیش بەسەر هەر بەشێك بێت ئەوا لەسەر تەواوی بەشەكانی تر ڕەنگدەداتەوە، واتە تیۆری بنیادیی وەزیفی گۆڕانی كۆمەڵایەتی بە گۆڕانی بەش ڕاڤەدەكات، كە بەسەر هەریەك لە یەكە یاخود ڕەگەزە پێكهێنەرەكاندا دێت، بە خێراییش ئەو گۆڕانە كاریگەری لەسەر بەشەكانی تر دادەنێت (حەسەن، ٢٠١٢: ٦٨-٦٩). پسپۆڕانی ئەم تیۆرە پێیانوایە كۆمەڵگە پێكهاتووە لە بنیاد، دامەزراوە و سیستەمی كۆمەڵایەتی كە پەیوەستن بە یەكتر، ئامانجی ئەم دامەزراوە و سیستەمە كۆمەڵایەتییانەش هێنانەدی تەواوكاری و هاوكاری نێوان ئەركی سیستەمەكانە لە پێناو پاراستنی سیستەمە گەورەكە، كە كۆمەڵگەیە. ئەو تەواوكارییەش هاوسەنگییە لە بنیاد و ئەرك بۆ پاراستنی بنیادی كۆمەڵایەتی بە گشتی (عبدالرحمن و غنیم، ٢٠٠٨: ١١٧-١١٩). كەواتە كۆمەڵگە سیستەمێكە كە لە كۆمەڵە ڕەگەزێكی بەیەكەوە بەستراو پێكهاتووە لەپێناو هێنانەدی تەواوكاری. خێزانیش بە سیستەمێكی كۆمەڵایەتی دادەنرێت، كە پێكهاتووە لە كۆمەڵە تاكێك و هەموویان بەیەكەوەن بەهۆی كارلێك و پشتبەستنی ئاڵوگۆڕكراو لە نێوان خۆیاندا (حلمی، ١٩٩٠: ٥٧-٥٨). ڕوانین بۆ هەر شتێك بەوەی كە بوونەوەرێكی زیندووە یاخود كۆمەڵایەتییە، جا تاك بێت یاخود ڕێكخراوێكی فەرمی یا گرووپێك كە سیستەمە و لە كۆمەڵە

بەشێکی جیاواز پێکهاتووە (القریشي، ٢٠١٧: ؟). بۆیە کۆمەڵگە لە کۆمەڵە سیستەمێک پێکهاتووە، هەریەک لەو سیستەمانەش ئەرکی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە یارمەتی بەردەوامی بنیادەکە دەدەن، ئەمەش هاوشێوەی جەستەی مرۆڤە کە لە چەند ئەندامێک پێکهاتووە، چونکە خێزان بەشێکە لە کۆمەڵگە، واتە دەرهێنانی بەش لە گشت. کۆمەڵگە وەک گشتێک پێکهاتووە لە کۆمەڵێک بەش کە سیستەمی جۆراوجۆری هەیە و پەیوەستن بەیەکتر و بە تۆڕێک پەیوەندی بەستراونەتەوە.

٢- هەر بەشێک لە بەشەکانی سیستەم ئەرکێکی بنیادی تایبەت بەخۆی هەیە لە پێناو هێنانەدی هاوسەنگی سیستەمەکە، دەکرێت هەندێک کات لادان، دوودڵی و بەربەست لە ئەرکی سیستەمەکە ڕوویدات، بۆیە خێزان وەک سیستەمێک لەسەریەتی پێداویستی تاک و کۆمەڵگە پڕبکاتەوە، ئەم ئەرکەش ئەرکێکی گشتییە بەهۆی کۆمەڵێک کەموکوڕی، هۆکاری ناوەکی و دەرەکییەوە بەسەر ئەرکەکان ڕەنگدەداتەوە (حلمی، ١٩٩٠: ٥٧-٥٨). هەر بەشێک لە بەشەکانی سیستەم بە ئەرکی تایبەتی خۆی هەڵدەستێت بۆ هێنانەدی هاوسەنگی سیستەمەکە (القریشي، ٢٠١٧: ؟). کەواتە هەر بەشێک لە بەشەکانی دامەزراوەکە ئەرکی بنیادی هەیە، کە لە سروشتی بەشەکە سەرچاوەی گرتووە. ئەو ئەرکە جیاوازانەش بەرهەمی جیاوازی بەشەکان یاخود یەکە پێکهێنەرەکانن، سەرەڕای جیاوازی ئەرکەکانیش ئەوا پلەیەک لە تەواوکاری لە نێوانیاندا هەیە. بۆیە ئەرکەکان جیاوازن بەڵام لەگەڵ جیاوازیشیاندا تەواوکارییەکی ڕوون لە نێوانیاندا هەیە. بوونی ئەو ئەرکانەش پێداویستیی دامەزراوەکە دابیندەکەن (زێباری، ٢٠١٧: ٥٢-٥٣). کەچی ئەو بەشانەی کە لە ڕێگای کۆمەڵگە یاخود دامەزراوە شیدەبنەوە، ئەوا بەشی تەواوکەرن، هەر بەشێک بەشەکەی تر تەواو دەکات و هەر گۆڕانکارییەک لە هەر بەشێک ڕوویدات ئەوا ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو بەشەکانی تر دەبێت. دەرئەنجام ئەوە ڕوودەدات کە پێی دەوترێت پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی

کۆمەڵایەتیش بەپێی ئەم تیۆرە ئەو گۆڕانانەیە کە لە بەشێکی کۆمەڵگە ڕوودەدەن و لەسەر بەشەکانی تریش ڕەنگدەدەنەوە (هەمان سەرچاوە، ٢٠١٧: ٥٢-٥٣)، چونکە کاتێک کارێکی نەشیاو و خراپ لە کۆمەڵگە ڕوویدات، بۆ نموونە: بوونی تاوان و لادان لە کۆمەڵگە بە واتای بوونی کەموکوڕییە لە بنیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە، ئەمەش واتای ئەوەیە کەموکوڕی لە خێزانیش هەیە، چونکە خێزان و کۆمەڵگە پەیوەستن بەیەکترییەوە و هەردوولا کاریگەرییان بەسەر یەکتریدا هەیە.

٣- تیۆری بنیادیی وەزیفی بڕوای بە بوونی هەردوو سیستەمی دەستەڵات و پێگە هەیە. سیستەمی دەستەڵات لە کۆمەڵگەیەک، یاخود دامەزراوەیەک بڕیارەکان دەردەکات و ڕێنمایی و فەرمایشتەکان لەنێو ڕۆڵە ناوەڕاستییەکان یاخود بناغەییەکان دیاریدەکات. بۆ ئەوەی بکەوێتە دۆخی جێبەجێکردنەوە. سیستەمی ڕۆڵەکان هەیە، کە فەرمان دەردەکات و هەندێک کەسیش هەن پەیڕەوی دەکەن. هەرچی سیستەمی پێگەیە، ئەوا ئەو سیستەمەیە کە جیاوک و پاداشت بەسەر کرێکاری باشەکان دابەشدەکات بۆ ئەوەی وابکات خۆیان و هاوکارەکانیان بەرەو ئەو کارە ڕابکێشن کە پیادەی دەکەن، چونکە هاوسەنگی دروستکردن لە نێوان سیستەمی دەسەڵات و پێگە شتێکی پێویستە بۆ بەردەوامبوون و چالاکی سیستەم (حەسەن، ٢٠١٢: ٧٠).

٤- هەموو سیستەمێک پێداویستیی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم پێداویستییانەش دەگۆڕێن، بۆیە هەر سیستەمێک لە بارودۆخی هاوسەنگی بەردەوامدایە. هەر بەشێک لە بەشەکان پێداویستیی جیاوازی تایبەت بەخۆی هەیە، خێزان وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هەموو پێداویستییەکان بۆ تاکەکانی خۆی دابیندەکات هەر لە ڕێکخستنی ڕەفتاری سێکسی و وەچەخستنەوە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی تاکەکان، لە پێناو مانەوەی خۆی لە بارودۆخێکی هاوسەنگدا (حلمي، ١٩٩٠: ٥٧- ٥٨). ئامانجی ئەم تیۆرە بریتییە لەوەی کە هەریەک لەو بەشانەی کە

سیستەمەکە پێکدێنن ئاواش هەوڵبدەن بۆ هێنانەدی ئامانجەکان لە پێناو پاراستنی سیستەمە گشتییەکە (القريشي، ٢٠١٧، ؟). دەکرێت بڵێین تیۆری بنیادیی وەزیفی بڕوای وایە کۆمەڵگە یاخود دامەزراوەکان بنیادیان هەیە، بنیادیش پێکدێت لە بەش هەر بەشێکیش وەزیفەیەکی هەیە و لەگەڵ وەزیفەکانی تر تەواوکەری یەکتر دەبن (زێباری، ٢٠١٧: ٥٣). بۆ نموونە: ئابووری وەک یەکێک لە سیستەمەکانی کۆمەڵگە کاریگەری بەسەر هەموو سیستەمەکانی تر دروستدەکات، بۆیە هەر گۆڕانێک لە سیستەمی ئابووری کاریگەری لەسەر پێکهاتە و بنیاد و وەزیفەی خێزان دروستدەکات، واتە بنیاد و پێکهاتە و وەزیفەی خێزان دەگۆڕێت، بۆ نموونە: قەیرانی دارایی و دابەزینی ئاستی گوزەرانی خەڵک لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان گۆڕانی لە بنیاد و پێکهاتە و وەزیفەی خێزان دروستکردووە. بەهەمان شێوە بۆ سیستەمی ئاینیش ئاوایە، کە کاریگەری بەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان هەیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر شێوازی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان دەبێت، بۆ سیستەمی پەروەردەش هەمان شتە کاتێک سیستەمی پەروەردە کەموکوڕی تێدەکەوێت ئەنجامەکەی بەسەر خێزان، ئاستی هۆشیاری، خوێندن و ڕۆشنبیری تاکەکان ڕەنگدەداتەوە، لەگەڵ ئەوەش لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بە هەموو کەناڵ و ئامرازەکانییەوە ڕەنگدانەوەی بەسەر تاکەکان جێهێشتووە.

سەرەڕای پەیوەندیی هارمۆنی نێوان سیستەمەکان، هەر سیستەمێکیش لە ناوخۆیدا پێویستە هەمان هارمۆنی و هەماهەنگی هەبێت. لێرەدا بۆچوونی (پارسۆنز) لە کتێبی (تیۆری کۆمەڵایەتی) ئەوەیە کە هەموو سیستەمێک پێویستی بە چوار ئەرکی بنچینەیی هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خودی سیستەمەکە کە (پارسۆنز) پێی دەڵێت (کردەی کۆمەڵایەتی- Action system). هەر ئەم ئەرکەکانی بۆ هەموو

ئاسـتەکانی سیسـتەم دیـاریکردووەو بـریتین لە ( Goodmon, 2004: 231-232).

١- گونجان Adaptation

سیستەم پێویستە لەگەڵ بارودۆخی دەرەکی و ژینگەی سیستەمەکە خۆی و ئەو ژینگەیەی کە پێداویستییەکانی سیستەمەکە دابیندەکات، خۆی بگونجێنێت. ڕەفتاری ڕێکخراویش یەکێکە لە کردەی سیستەم کە ئەرکی گونجانی سیستەمەکە جێبەجێدەکات لەگەڵ گۆڕانکارییە دەرەکییەکانی سیستەم. بۆ نموونە خێزان وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی پێویستە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ژینگەکەی خۆی واتە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو توانا مادی و مەعنەوییانەی کە هەیەتی.

٢- بەدەستهێنانی ئامانج Goal Attainment

سیستەم پێویستە پێناسی ئامانجە بنچینەییەکانی خۆی بکات لەگەڵ چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە، چونکە کەسایەتی سیستەم ئەرکی پارێزگاریکردن لە ئامانجەکانی سیستەم جێبەجێدەکات، لە ڕێگەی پێناسەکردنی ئامانجەکانی سیستەم و دابینکردنی سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە. خێزان وەک سیستەمێک دەبێت ئامانجی خۆی هەبێت لە پێناو بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتوو لەگەڵ ئەوەش چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی مەبەست ئەو ڕێگایانەی کەوا ئامانجەکانی تێدا پڕاکتیزە دەکرێت.

٣- یەکانگیری Integration

هەموو سیستەمێک پێویستە پەیوەندی نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی ڕێکبخات و هەروەها پەیوەندی نێوان ئەم ئەرکە و دوو ئەرکەکەی پێشووتریش ڕێکبخات. هەروەها سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەرکی یەکانگیری

سیستەم جێبەجێدەکات بەهۆی کۆنترۆڵکردنی پێکهاتەکانی سیستەم. لێرەدا مەبەست پەیوەستی و یەکانگیری پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزانە لەگەڵ یەکتری و دواتر پەیوەندییان لەگەڵ دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگەیە.

٤- بەردەوامیی نموونەیی Pattern Maintenance

هەموو سیستەمێک پێویستە پاڵنەری تاکەکانی و نموونە کولتوورییەکانی پارێزگاری لێبکات نوێیان بکاتەوە بۆ بەردەوامیدان بە پاڵنەرەکان، چونکە سیستەمی کلتووری ئەرکی دابینکردنی نموونە کلتوورییەکان بەهۆی پاڵپشتیکردنی تاکەکان لە ڕێگەی نۆرمەوە جێبەجێدەکات، بەها و پاڵنەرەکان بۆ کارکردن. خێزانیش بە هەمان شێوە وەک سیستەمێک بۆ پارێزگاریکردن لە مانەوەی بەها و پێوەر و دابونەریتەکان  بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵیان، خۆی نوێدەکاتەوە.

## ٢-٣ شیکردنەوەی تیۆری بنیادیی وەزیفی لەسەر خێزان لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستاندا

(هێربەرت سپنسەر) کۆمەڵگە بە جەستەی مرۆڤ بەراورد دەکات، کە لە کۆمەڵێک ئەندامی جیاواز پێکهاتووە و هەر ئەندامێکیش لە چەندەها خانە پێکهاتووە، هەر خانەیەکیش ئەرک و مافی خۆی هەیە. بەرانبەر ئەمەش کۆمەڵگە لە کۆمەڵێک سیستەمی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە وەک سیستەمی ئابووری، ئاینی، سیاسی، پەروەردەیی، خێزانی، خزمایەتی و سەربازی. هەر سیستەمێکیش ڕۆڵی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم سیستەمانەش کاری یەکتری تەواودەکەن، چونکە هەموو سیستەمەکان بە ئەرکی تایبەتیی خۆیان هەڵدەستن کە جیاوازە لەوەی تریان، بەڵام یەکتر تەواودەکەن (حەسەن، ٢٠١٢: ٦٢). (پارسۆنزیش) بە یەکێک لە گرنگترین پێشەنگانی ئەم تیۆرە دادەنرێت و دەڵێت: پێویستە هاوسەنگبوون لە سیستەمی خێزان بوونی هەبێت، چونکە خێزان خۆی کاریگەری لەسەر خۆگونجاندن و هاوسەنگبوونی خۆی دەکات بەهۆی ئەو بارودۆخ و

پاڵەپەستۆ دەرەکییانەی کە بۆیدێن. بۆیە جێگیربوونی بنیادی خێزان هۆکارێکی گرنگە و کاریگەری بەسەر ئەندامانی خێزان دەبێت، بەتایبەتی ئەرکەکانی خێزان ڕۆڵی گرنگ لە جێگیربوونەکە دەبینن. بۆیە (پارسۆنز) خێزان بە سیستەمێکی بچووک ناودەبات و پێیوایە ناکرێت لە خێزان تێبگەین بێ ئەوەی نەگەڕێینەوە بۆ سیستەمە گەورەکە کە کۆمەڵگەیە، چونکە خێزان کاریگەرە بەو گۆڕانانەی کە بەسەر کۆمەڵگەدا دێن و ڕەنگدانەوەیان دەبێت بەسەر تاکەکان و بارودۆخی نوێ دروستدەبێت (الحاج، ۲۰۰۹: ۲۵). بۆیە (پارسۆنز) وەک بنیادگەرێکی وەزیفی وای بۆچووە بنیادی کۆمەڵایەتی لە چەند سیستەمێک پێکهاتووە، خێزانیش یەکێکە لەو سیستەمانەی نێو بنیادی کۆمەڵایەتی، کە لەنێو خۆیدا سیستەمی بچووکتر و وەزیفەی جۆراوجۆر دەبینرێت (حسین، ۲۰۰۸: ۱۲).

لەگەڵ ئەوەش (پارسۆنز) پێیوایە ناکرێت بە تەنیا و دابڕاوی لە خێزان و ئەرکەکانی تێبگەین، واتە ناکرێت خێزان جیابکەینەوە لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی تر، چونکە خێزان کاریگەر و کارتێکراوە بە سەرجەم سیستەمەکانی تری کۆمەڵگە، پەیوەندییەکی وەزیفی توندوتۆڵیش لە نێوان خێزان و سیستەمەکانی تری کۆمەڵگە هەیە، هەموو سیستەمەکانیش پشت بەیەکتر دەبەستن و هەر کەموکورییەک لە یەکێک لە سیستەمەکان ڕوودەدات کاریگەری لەسەر سەرجەم سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی تری کۆمەڵگە دەبێت (صالح، ۱۹۷۵: ۲٦). دیسانەوە وای دەبینێت ئەرکەکانی خێزان دەگۆڕێت بەهۆی ئەو گۆڕانانەی کە خێزان ڕووبەڕووی دەبێتەوە تووشی گرژبوونی دەکاتەوە، بۆ نموونە: لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان دامەزراوەی تر دروستبوون بۆ هاوکاریکردنی خێزان لە ئەرکەکاندا، کەچی خێزان لە ڕابردوو یەکەیەکی بەرهەمهێن و بەکاربەر بووە، بەڵام دوای شۆڕشی پیشەسازی هەندێک لە ئەرکەکانی خێزان کەمبوونەوە. بۆیە (پارسۆنز) پێیوایە خێزانی نوێ دوو ئەرکی

گرنگـی لەسەرشـانە: یەکەم، پێگەیانـدنی کـۆمەڵایەتی. دووەم، بنیادنـانی کەسـایەتی تاکەکـان لە کـۆمەڵگە (درواش، ٢٠١٢: ١٠٤-١٠٥). سیسـتەمی کۆمەڵایەتیش لای (پارسۆنز) ئەو کارلێکەیە کە لە کۆمەڵە بکەرێک پێکدێت و لە پێگەیەکـی دیـاریکراودا کـاردەکەن، بـۆ بینینـی ڕۆڵ و دیـاریکردنی پێوەرەکانیان بەباشـی کاردەکەن کە بە سیستەمی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. ئەم سیستەمەش پێکدێت لە توخم یاخود بەش کە بە شێوەیەک بە کۆمەڵە هۆکارێک بەسـتراوەتەوە، بۆیە گۆڕانکـاری لە هەر بەشـێکدا دەبێـتە هـۆی گۆڕانکاری لە بەشەکانی تری ناو سیستەمەکە، کارکردنی هەر توخمێک بە دابـڕاوی لە سیسـتەمە گشـتییەکە گـرانە، توخمەکـانیش بە جیـا کارنـاکەن، بەڵکـو بە زنجیرەیەکـی ڕێکوپێـک کـاردەکەن کە هەریەکێکیـان بەویتـرەوە بەسـتراوەتەوە بە جۆرێـک پەیوەنـدییەکە گونجـاو و ڕێکخـراو بێـت نەک هەڕەمەکی. کەواتە گرنگیدان بە خێزان لە چوارچێوەی ئەم چەمکە پشـت بە تیـۆری بنیـادیی وەزیفـی دەبەسـتێت، بـۆ تـوێژینەوەی خێـزان وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەهـۆی بەردەوامـی ئەو سیسـتەمە و ئەو ڕۆڵەی لە هەموو کۆمەڵگەیەک هەیەتی، پارێزگاری لێدەکات (مستەفا، ٢٠٠٩: ٩٢-٩٣).

کەچی (میردۆک) پێیوایە خێزان دامەزراوەیەکی جیهانییە و کۆمەڵێک ئەرکی گرنگـی لەسەرشـانە، ئەرکەکـانی خێزانیشـی لەنـاو واقعـی کـۆمەڵگە دەستنیشـانکراوە، هەروەهـا وەسـفی خێـزانیش دەکـات بە گرووپێکـی کـۆمەڵایەتی، کە دوو ڕەگەزی جیـاواز و پێگەیشـتوو دروسـتیدەکەن و منـداڵ دەخەنەوە. (میـردۆک) خێـزان لەسـەر بنەمـای بنیـاد و وەزیـفەوە شیدەکاتەوە: لە ڕوانگەی بنیادەوە چەند بنەمایەکی دەستنیشـانکردووە بۆ سروشتی خێزان بە گشتی بەم شێوەیە:

١- جۆری بنەمای هاوسەرگیری، ئەویش هاوسـەرگیریی تـاکی یـاخود فرە هاوسەرییە.

٢- بنەمـای نەسـەب کە خـوێن و خزمـایەتی دەگـرێتەوە، کە ئەرک و مافەکانی ئەو پەیوەندییە لەخۆدەگرێت بە گوێرەی پلەی خزمایەتییەکە.

٣- بنەمـــای نیشـــتەجێبوون، ئەو شـــوێنە دەگـــرێتەوە کە هەردوو هاوسەرەکە بڕیاری لەسەر دەدەن.

٤- بنەمـــای زاراوە و چەمکـــی خزمـــایەتی، بـــۆ وەســـفکردنی ئەو پەیوەنـــدییانە بەکاردێـــت کەوا تاکەکـــان بەیەکەوە دەبەســـتێتەوە، جـــا خزمایەتییەکە هەر جۆرێک بێت (الخشاب، ٢٠٠٨: ٤٦).

بەڵام لە ڕوانگەی وەزیفەوە (میردۆک) ئەرکەکانی خێزانی بۆ چوار ئەرکـــی ســـەرەکی دابەشـــکردووە وەک (ئەرکـــی سێکســـی، ئـــابووری، منداڵخستنەوە، پەروەردەیی)، و پێیوایە ئەم ئەرکانە گرنگییەکی زۆریان لە کـۆمەڵگەدا هەیە. واتە ئەگەر ئەرکـی سێکسـی و وەچەخسـتنەوە نەبێـت کۆمەڵگە دەوەستێت و لەناودەچێت، هەروەهـا ئەرکـی ئـابووریش نەبێـت ژیـان کۆتـایی دێـت، ئەرکـی پەروەردەیـیش نەبێـت کلتـوور نامێنێـت و بەکۆتادێت. بۆیە هەر چوار ئەرکەکە پەیوەستن بەیەکترەوە و کۆڵەگەی خێزانــی جێگیــر دەکەن (أحمـد، ٢٠٠٣، ؟). کەچـی (ڕۆبەرت میرتـۆن) بە دامەزرێـنەری دووەمـی تیـۆری بنیـادیی وەزیفـی دادەنرێـت، میرتـۆن ڕوونیکـردۆتەوە کە ئەرک ئامـاژەیە بـۆ ئەو ڕێزکـردنە کـۆمەڵایەتی و بایۆلۆژییـانەی کە یـارمەتی ئەو سیسـتەمە دەدەن بمێنێـتەوە و بەردەوام بێت (خەمەش، ٢٠١٢: ١٩٣).

تیـۆری بنیـادیی وەزیفـی خێـزان بە بەشـێک لە قەوارەی کـۆمەڵگە دادەنێت، خێزان وەک چوارچێوەیەک کۆمەڵە بەشێکی پێکەوە بەستراوە، لە ناو خێزانیش پەیوەندی و کارلێک هەیە هەموو بەشێکیش لە چوارچێوەی خێزاندا ئەرکی خۆی هەیە. بۆیە ئەم تیۆرە جەخت دەکاتە سەر پەیوەندی نێـوان خێـزان و چوارچێـوە کۆمەڵایەتییەکـانی دیـکە (آل عبـدالله، ٢٠١٤: ١٨٥). یەکەی شـیکردنەوە کە تیـۆری بنیـادیی وەزیفـی گرنگـی پێـدەدات

لەسەر بنەمای شیکردنەوەی یەکە گەورەکان دەستپێدەکات کە لە کۆمەڵگە و سیستەمە کۆمەڵایەتییە گەورەکانەوە بەرەو شیکردنەوەی یەکە بچووکەکان دەچێت و خێزان و سیستەمە بچووکەکانی تر دەگرێتەوە (حلمي،١٩٩٠: ٥٨-٥٩). کەواتە ئەم تیۆرە بەکاردێت بۆ تێگەیشتن لەو بابەتانەی کە دەچنە چوارچێوەی خێزانەوە، هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی بەشەکانی بنیاد لە کۆمەڵگە و پەیوەندی نێوان هەموو بەشەکانیش بەیەکتر، لەگەڵ پەیوەندی نێوان بەش بە گشت. بنیادی کۆمەڵایەتی خێزانیش ئاماژە بەو ڕێگایە دەکات کە پەیوەستە بە ڕێکخستنی نێوان هەموو بەشەکان و پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان بەشەکان، خێزانیش وەک بنیادێک کۆمەڵێک ئەرکی جیاواز بۆ ئەندامەکانی لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە: کاتێک خێزان تووشی لێکترازان دەبێتەوە هۆکارەکەی بۆ لەدەستدانی کۆمەڵێک ئەرک دەگەڕێتەوە، بەمەش گۆڕان لە خێزان ڕوودەدات. ئەنجامدانی ئەرکەکانیش لە پێناو مانەوەی سیستەمی خێزانەکەیە (الصديقي، ٢٠١٢: ١٢٧-١٢٨)، چونکە ئەم تیۆرە وەسفی خێزان وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دەکات کە لە چەند بەشێک پێکهاتووە لە نێوان ئەو بەشانەش پەیوەندی و کارلێک هەیە، واتە تویژینەوەی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان بەش و گشت هەیە، هەروەها گرنگی بە تویژینەوەی ئەرکەکانی خێزانیش دەدات بە ئامانجی ئەوەی کە پەیوەندییەکی وەزیفی لە نێوان دامەزراوەی خێزان و سەرجەم دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە هەیە، هەروەها ئەو ڕۆڵ و پێگانەی کە بە ئەندامەکانی دەبەخشێت لەگەڵ ئامانجی ئەم تیۆرە، کە تویژینەوەی ڕەفتاری خێزانە لە کۆمەڵگە لەپێناو مانەوەی سیستەمی خێزان (العبدالله و آخرون، ٢٠١٦: ٦٧). ئاشکراشە ئەم تیۆرە پشت بەو ڕۆڵ و ئەرکانە دەبەستێت کە بەشەکانی سیستەم پێی هەڵدەستن لەپێناو جێگیربوونی بنیادی کۆمەڵایەتی، جا ئەو بنیادە خێزان بێت یاخود هەر گرووپێک بێت، کاتێک پێچەوانەبوونێک لە ئەرکەکاندا لە هەر سیستەمێک ڕوودەدات ئەوا دەبێتە هۆی ڕوودانی ململانێی کلتووری و بەمەش گۆڕان لە ناوەڕۆک و

خـودی سیسـتەمەکە دروسـتدەبێت (حجـازي، ١٩٩٨: ٤٩-٥٠). چـونکە تێکچـوونی بنیـاد و ئەرکـی خێـزان پەیوەسـتە بە ڕەوشـی تـایبەتی هەر خێزانێک، بۆ نموونە: مردن، نەزۆکی و جیابوونەوە، یاخود هەر گرفتێکی تر دەبێتە هۆی ناتەواوی لە وەزیفەی خێزان، چونکە تێکچوونی هەریەک لە وەزیـفەی بـایۆلۆژی، سـۆزداری و پەروەردەیـی ڕێگـرن لە بەردەوامبوونی وەزیفەی خێزان (عمر و العاني، ١٩٩١: ١٢٤).

کاتێک تیۆری بنیادیی وەزیفی توێژینەوەی خێزان دەکات جەخت لەسەر سێ جۆر ئەرکی جیاواز دەکاتەوە لەوانە:

١- ئەرکی خێزان بەرانبەر بە کۆمەڵگە:

٢- ئەرکی خێزان نەرامبەر بە خۆی:

٣- ئەرکی خێزان بەرانبەر بە تاکەکانی:

کەواتە ئەم تیۆرە کاتێک توێژینەوەی خێزان دەکات دوو ئاراستەی جیاواز وەردەگرێت:

١- ئاراستەی شیکاری وەزیفی لەسەر ئاستی یەکە گەورەکان:

٢- ئاراستـەی شـیکاری وەزیفـی لەسـەر ئاسـتی یەکە بچووکەکـان (الخشاب، ٢٠٠٨:٣٥-٣٦).

خێزان لە ڕوانگەی تیۆری بنیادیی وەزیفی بریتییە لە بنیادێک کە لە چەنـد تاکێـک پێکهـاتووە، ئەرکەکەشـی ئەو پەیوەنـدی و کـارلێکە کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە، لەگەڵ کاریگەردی ئەندامەکان لەسەر یەکتر و دیاریکردنی ڕۆڵ و پلە و ئەرکی هەر تاکێک لە خێزان هۆکارە بۆ زیاتر جێگیربوونی بنیادی خێزان و دوورکەوتنەوەی لە لێکترازان (السنهوري، ١٩٩٤: ٣٠). بـۆیە خێـزان لە چوارچێـوەی ئەم تیـۆرە بە واتـای

دامەزراوەیەک دێت و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەسەرشانە لە گەیاندن و گواستنەوەی بەها، دابونەریت و پێوەرەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بەمەش کەسایەتی تاک بنیاد دەنرێت و دەبێت بە بەشێک لە بنیادی کۆمەڵایەتی. کەواتە ئەم تیۆرە تـوێژینەوەی خێزان دەکات وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی توێژینەوەی ئەو ئەرک، ڕۆڵ و پێگانەش دەکات لە کۆمەڵگە کە سیستەمی خێزان دەپارێزن. لەپێناو پاراستنی بنیادی سیستەمی خێزان ئەندامانی خێزانیش لەناو خێزاندا کارلێک دەکەن، چونکە خێزان بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی تر پەیوەستە (الضبع، ٢٠٠٣: ٨٣).

جگە لەمانەش ئەم تیۆرە سەیری خێزان دەکات وەک دیاردەیەکی جیهانی، لەگەڵ بوونی کۆمەڵگە، بوونی هەیە و بەردەوامە. هەروەها تاک لە خێزانەکەی بەهۆی پرۆسەی پێگەیاندنەوە بەها، پێوەر و دابونەریت وەردەگرێت، کەواتە بنیادی کۆمەڵایەتی خێزان ئاماژە بۆ ئەو ڕێگایە دەکات کە هەموو بەشەکان پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوانیاندا هەیە و بەهۆیەوە یەکەی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخرێت. خێزانیش لە چوارچێوەی ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەو بەشانە دەکاتەوە کەوا سیستەمی خێزان دروستدەکەن، ئەمەش لە ڕێگەی پەیوەندی و کارلێکەوە دەبێت، بەو پێیەی هەر بەشێک لەناو سیستەمە گشتییەکەدا ئەرکێکی تایبەت بەخۆی هەیە (أحمد، ٢٠٠٣، ؟). ئەم تیۆرە سەیری خێزان دەکات وەک بەشێکی سەرەکی لە بنیادنانی کۆمەڵگە، وەک سیستەمێکی فەرعی لە سیستەمە گشتییەکە کە کۆمەڵگەیە، لە نێوان ئەو سیستەمە فەرعییانەشدا کۆمەڵێک پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتیی ئاڵوگۆڕکراو هەیە، بۆیە ئەم تیۆرە جەخت لەسەر گرنگی پەیوەندییەکانی نێو سیستەمی خێزان و پەیوەندی سیستەمی خێزان بە سەرجەم سیستەمەکانی تری کۆمەڵگە دەکاتەوە (عبدالوهاب، ٢٠٠٠: ٢٣٠). ئاشکراشە کە تیۆری بنیادیی وەزیفی گرنگی بە دوو بابەتی سەرەکی دەدات لە شیکردنەوەی خێزان: ئەوانیش، بنیاد و

وەزیـــفەیە. بەڵام کاتێـــک بـــاس لە ئەرکـــی خێـــزان دەکرێـــت ئەرکەکـــان دابەشدەبن بۆ:

١- ئەو ئەرکانەی پارێزگاری لە جۆری کۆمەڵگە دەکەن: ڕێکخستنی ڕەفتـــاری سێکســـی، دابینکردنـــی پێداویســـتیی جەســـتەیی، دەروونـــی و ئابووری منداڵ، پاراستنی کلتووری کۆمەڵگە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر:

٢- ئەو ئەرکـــانەی تـــایبەتن بە کـــۆمەڵگە وەک دامەزراوەیەکـــی کـۆمەڵایەتی: دابەشـکردنی کـار بەپێـی ڕەگەز، ئەم ئەرکە بە یەکێـک لەو ئەرکە گرنگـــانە دادەنرێـــت، کە پـــێگەی خێـــزان دەپارێزێـــت و بنیـــاد و ئەرکەکانی لە کۆمەڵگە جێگیر دەکات و دووریدەخات لە ململانێ.

٣- ئەو ئەرکـانەی تـایبەتن بە تاکەکـان: مـانەوەی فیزیکـی جەسـتەیی سروشـتی، پڕکـردنەوەی غەریـزە سێکسـییەکان، چـاودێری، پاراسـتن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (القریشي، ٢٠١٧: ؟).

بنیادی خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە، کە لە ژن و مێرد و منداڵ پێکهاتووە، ئەم یەکەیەش لەسـەر بنەمـای پڕۆسـەی هاوسـەرگیری دامەزراوە بەهـۆی کۆمەڵێـک ڕێکـاری یاسـایی و ئـاینی و بـایۆلۆژییەوە، هەمـوو تاکەکـانی خێـزانیش لەژێـر یەک بنمـیچن بەهـۆی پەیوەنـدی و کـارلێکی کـۆمەڵایەتییەوە بە یەکتـرەوە پەیوەسـتن ، هەروەهـا بەرپرسـن بەرانبەر ڕۆڵەکانیان لەناو خێزاندا، گرنگترین سـیمای خێزانیش پەیوەندی نێوان ئەندامەکانە (مـاکیفر و شـارلز پیـدج، ١٩٧١: ١٦). هەروەهـا خێـزان سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە و دیاردەیەکی دابڕاو نییە، بەڵکو پەیوەستە بە سیستەمی ئابووری، سیاسی و ئاینییەوە، کەواتە کاریگەر و کارتێکراوە بە دەوروبەر (الصـــدیقي، ٢٠١٢: ٣٩). چـــونکە خێـــزان وەک دامەزراوەیەک کـاریگەرە بە بـارودۆخ و گـۆڕانە ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و مێژوویـی و سیاسـییەکان لە هەمـوو جیهانـدا کە گـۆڕان لە بنیـاد و کەمبـوونەوەی

ئەرکەکـان دروسـتدەکات. بـۆیە خێـزان یەکەیەکـی کـۆمەڵایەتی گـرنگە لە بنیادی کۆمەڵگە، چونکە یەکگرتوویی خێزان یەکگرتوویی کۆمەڵگە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، خێزان وەک یەکەم خانە بەرپرسە لە دابینکردنی خۆراک و خـواردنەوە و جل و پێداویسـتیی ڕۆحـی لە بەهـا مرۆییەکـان بـۆ تـاک (القصـیري، ١٩٨٨:٢٥). دەکرێـت بڵێـین بنیـادی کـۆمەڵایەتی تۆڕێـک لە پەیوەنـــدیی کـــۆمەڵایەتییە لە نێـــوان تاکەکانـــدا لە مـــاوەیەکی زەمەنـــی دیـاریکراودا، کەواتە بنیـادی کـۆمەڵایەتی بە مانـای بـارودۆخی جێگیـری سیستەمی کۆمەڵایەتی دێت (دینکن میشیل، ١٩٨٠: ٣١٤).

هەروەها ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە سـەرەتای سـەدەی بیستەم بە گشتی لەسەر بناغەی هۆزایەتی دامەزرابوو. بەهۆی زیادبوونی هەژموونی سەرمایەداریی وڵاتانی ئەوروپی لە دەوڵەتی عوسمانی، وردە وردە کوردسـتان تێکەڵـی بـازاڕی جیهـانی بـوو، بەڵام هەر سـیمای کشـتوکاڵی بەسـەری زاڵبوو، ڕژێمی دەرەبەگایەتیش هێشـتا باڵادەسـتبوو. ئەمەش وایکرد کۆمەڵگەی کوردی بەڕووی دەرەوەی خۆی نەکرێتەوە و زۆر بەکەمـی بکەوێـتە ژێـر کـاریگەری گۆڕانکـاری و پەرەسـەندنەکانی دەوروبەر و جیهـــان (هەروتـــی، ٢٠١٣: ١١٨). کـــۆمەڵگەی کـــوردی کۆمەڵگەیەکی عەشائیریە، لایەنگیریکردن لە کۆمەڵگەی کوردی بۆ خێزانە لەگەڵ عەشیرەت. هەروەها بوونی ئەو پەیوەستییە عەشـائیریە لایەنگیری ئـاینی دروسـتدەکات (ماکـدووال، ٢٠١٢: ٣٣). کەواتە بنیـادی کـۆمەڵایەتی کـۆمەڵگەی کـوردی پێکهـاتووە لە چەنـدین یەکە لەوانە خێـڵ و عەشـیرەت، لەنـاو ئەم سیسـتەم و یەکەیەشـدا خێزانـی کـوردی تایبەتمەنـدیی خـۆی وەردەگرێـت. دەکرێـت بڵێـین خێـزان لەگەڵ ڕەوت و پەرەسـەندنی ژیـان گۆڕانکـاری بەسـەرداهاتووە، چ لە شـێوەی پێکهـاتن و دەسـەڵاتدا چ لە ئاڕاسـتەکردنی دەسـەڵاتدا بەپێـی قۆناغەکـانی دەسـەڵاتی ژن یـاخود دەسـەڵاتی پیـاو، واتە بەپێـی سیسـتەمی خێزانـی دایکسـالاری یـان باوکسـالاری، خێـزان وەک یەکەیەکـی سـەرەتایی بنەمـای پێکهـاتەی

کۆمەڵگەی کوردییە. بەڵام خێزان وەکو یەکەیەکی سەرەکی سیمایەکی گشتی و لەیەکچووی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هەیە، بۆیە ناکرێت لە سنووری تویژینەوەی خێزاندا بتوانرێت سەرجەم بنەما شاراوەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئاشکرا بکرێن، بەڵام خێزان لە کۆمەڵگەی کوردیدا یەکەیەکی فراوانتر پێکدێنێت ئەویش یەکەی خێڵ و عەشیرەتە، خێڵ و عەشیرەتیش بنەمایەکن بۆ پێکهێنەری سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردی، واتە کۆمەڵگەی کوردی بریتییە لە یەکەیەکی فراوانتر، کە سەرجەم خاسیەتەکانی خێڵ و عەشیرەتی کوردی هەیە (قەرەداغی، ٢٠٠١: ١٠٩). خێزانی کلاسیکیی کوردی خێزانێکی باوکسالاری بووە، وردتر بۆ باوک دەگەڕێتەوە سەرۆک خێزان بە گوێرەی دابونەریتی کورد خاوەن دەسەڵاتێکی فراوان بووە لەناو خێزاندا، جا ئەو خێزانە لە کۆمەڵگەیەکی کۆچەری یاخود گوندی یان شارستانی بێت. پەیوەندییەکانی ژن و مێرد لەناو خێزان لەسەر بناغەیەکی پتەو و یەکگرتوو دامەزراوە، بەشێوەیەک ژن ڕێز و حورمەتی گەورەی لە لایەن مێردەوە هەبوو، مێرد زۆر متمانەی بە دڵسۆزی ژنەکەی هەبوو، ئەمەش یانی ڕێژەی تەڵاق لە خانەوادەی کورد کەمبووە، مەگەر لە حاڵەتی دەگمەن نەبێت وەک نەزۆکی یاخود ناپاکی ژن (عیزەت، ٢٠١٤: ٩٧-٩٩). بەڵام پەیوەندی نێوان باوان و منداڵ لەناو خێزاندا، پەیوەندیی ڕێز و ملکەچی تەواو بوو، بەدلیسی لەمبارەوە دەڵێت: زۆربەی نەتەوەی کورد دەستی باڵایان لە نواندنی مافی دایک و باوک هەیە و ڕەچاوی کاروباری ئاینی دەکەن (عیزەت، ٢٠١٤: ٩٩). هەروەها تۆمابوا دەڵێت خێزانی کوردی ڕوخسارێکی ئاینی هەیە پێش ئەوەی ڕوخساری کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبێت (سندی، ٢٠٠٨: ١٣٣). کلتووری خێزان لە کۆنەوە لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە زیاتر ڕادیۆ بەکارهێنراوە، تەلەفزیۆنیش کەم یاخود هەر نەبووە، هەروەها ئەو منداڵانەی بەهۆی سەرقاڵی و کارکردنی دایک و باوکیانەوە خراونەتە دایەنگەوە کەمن واتە کەمتر لە (٢٠٪)، لەگەڵ کۆبوونەوەی تەواوی

ئەندامانی خێزان بەیەکەوە و لە نزیکەوە ئاگایان لەیەکتری بووە (ستیڤن ئار. کۆڤی، ٢٠١٤: ٢٠٤).

لە ساڵی (٢٠٠٣) بەدواوە گۆڕان لە سیستەمی سیاسی لە عێراق دروستبوو کە ناسنامەیەکی تری وەرگرت، ئەویش گۆڕانی سیستەمی سیاسی لە کۆمارییەوە بۆ کۆماری فیدراڵی بوو، کە هاوکێشە سیاسییەکانی گۆڕی. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسیش لەناو دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ لە ساڵی (٢٠٠٥) حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی دانی پێدانرا، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی دەوڵەتەکانی تری جیهانیش حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی فەرمی قەبووڵبکەن. ئەو پێشکەوتنە نوێیانەی کە بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا هاتوون کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی جێهێشتووە و بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە، لەوانە هۆکاری ئابووری و سیاسی و کلتووری بە تایبەت لە ئێستادا زۆری ڕێژەی ڕۆشنبیران و ڕۆڵیان لە زانکۆ و توێژینەوەی زانستی و بوونی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان وایان کردووە کە کۆمەڵگەی کوردی بگوازرێتەوە بۆ چەرخی ئەنتەرنێت و ڕۆژنامە و کتێب، کە ڕۆڵیان لە دامەزراندنی دامەزراوەی پەروەردەیی و کلتووری و دەستوورییەکان و چاککردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە، کە بە سەردەمی وەرچەرخانی خێرادا تێپەڕ دەبێت (عطو، ٢٠٠٧: ٥٥). کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵگەیەکی نەریتی ناوزەد دەکرێت، یاخود بە لایەنی کەمەوە ڕەنگ و بۆی کۆمەڵگە نەریتییەکانی لە خۆدا هەڵگرتووە، خۆی لەناو پرۆسە و ڕەوتەکانی مۆدێرنیتە و گۆڕانسازی بەدوور نەگرتووە، بە تایبەت پاش ئەو گۆڕانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانە جا چ گۆڕانەکان لە ئاستی میکرۆ یان لە ئاستی ماکرۆ دابن. دوای داتەپینی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)دا لە لایەنی فاکتەری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووری و تەنانەت ئاینییەکانیش، چونکە کۆششێکی بنەڕەتی لە ئاستی فیکری و کۆمەڵایەتی

و ئابووری و سیاسی لە هەیکەلەکانیاندا بۆ تێپەڕین لە قۆناغی نەریتییەوە بـۆ قۆنـاغی مـۆدێرن هەیە (لەتیـف شـوانی، ٢٠١١: ٣١). لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵگەی کوردی ڕووبەرووی گۆڕانی کلتووری بۆتەوە، ئەم گۆڕانانەش بەهـۆی کۆمەڵێـک فـاکتەری جیـاوازەوە ڕوویانـداوە لەوانە سیاسـی، ئابووری، تەکنەلۆژیا و هۆکاری تر. چونکە کلتووری کوردی پێش (٢٠٠٣) تاڕادەیەک داخراو بوو بە بەراورد لەگەڵ دوای (٢٠٠٣). بۆیە پەرەسەندنە سیاسییەکانی عێراق و وەبەرهێنانی بیانی کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لەسـەر کـرانەوەی کلتـووری هەرێـم. بـۆیە هۆکـارە سیاسـییەکان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر گۆڕانی کلتووری کۆمەڵگە. ئەو گۆڕانـانەی کە لەسـەر ئاسـتی میکـرۆ دەبینـین هەنـدێک لە ڕەفتـارە ئاساییەکانی ڕۆژانەی تاک گۆڕانی بەرچاوی بەسەرداهاتووە، بۆ نموونە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان، ئەو زمانەی لە قسەکردن و زمانی جەستە بەکاریـدەهێنین گـۆڕانی بەسـەرداهاتووە. بەڵام لەسـەر ئاسـتی مـاکرۆ گۆڕانەکان لەسەر ئاستی سیستەمی ئابووری و سیاسی و پەروەردەیی دەبینین، بۆ نموونە لە سیاسەتدا باس لە دیموکراسی و ماف و مرۆڤ دەکرێـت، لە ئابووریـدا بـاس لە بـازاڕی ئـازاد دەکەیـن، لە ژیـانی کۆمەڵایەتیشدا باس لە گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتییە قووڵەکان دەکرێت، لە پەروەردەشـدا بـاس لە نـاتەواوی و فەشـەلی فەلسـەفە و سیسـتەمی پەروەردەی پێشوو دەکرێت (دێلوی، ٢٠١٣: ٨١-٨٥).

جێبەجێکردنـی تیـۆری بنیـادیی وەزیفـی لەسـەر خێـزان بـۆ نمـوونە: گـۆڕانی خێـزان لە کـۆمەڵگەی هەرێمـی کوردسـتان لە ڕووی بنیـاد و ئەرکەوە، چـونکە خێزانـی کـوردی وەک هەر خێزانێکـی دیـکە لە جیهـان خـاوەنی کۆمەڵێـک تایبەتمەنـدیی خـۆیەتی و جیایـدەکاتەوە لە هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە لە ڕووی شێوازی پەروەردە، پێگەیاندن، دابونەریت و بەهـا لەگەڵ ئەو ئـامرازانەی کە کـۆنترۆڵی خێزانـی پێـدەکرێت لە تۆکمەکردنی بنیاد و ئەرکدا. دەکرێت ئەم نموونەیە جێبەجێبکەین بەسەر

ئەم تیۆرە، بەڵام دەبێت لە میانەی دەستنیشانکردنی دوو ماوەدا بێت: چونکە خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بە چەندین قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە، بۆیە یەکێک لەو قۆناغانە لە ماوەی نێوان پێش ڕاپەڕینەوە تاکو ساڵی (٢٠٠٣)، قۆناغی دواتریش لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە تاکو ئێستا. لە دوای ڕاپەڕین بە گشتی و لە دوای (٢٠٠٣)ەوە بە تایبەتی ژیانی خێزانەکان وەک جاران نەماوە، خێزانی کوردی گۆڕاوە، یەکێک لەو هۆکارانە چوونە دەرەوەی ئافرەتە بۆ بواری کارکردن و گەیشتنی بە داهاتێکی ماددی کە بە یەکێک لە گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانە دادەنرێت کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر خێزانەوە هەبووە، واتە گرنگیدان بە خوێندن کاریگەری هەبووە و تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە گرنگییان بەخوێندن داوە. بەهۆیەوە ئافرەت بەشداری لە پلاندانانی بودجەی خێزان و دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە تایبەتن بە پێگەیاندنی منداڵەوە کردووە. بەپێچەوانەوە ئافرەتی ماڵ لە کاروبارەکانی خێزان شوێنکەوتەی هاوسەرەکەیەتی. هەروەها گۆڕانێکی تر لە قەبارەی خێزانی کوردییە کە ئێستا بچووک بۆتەوە. چونکە خستنەوەی منداڵی زۆر لە خێزاندا پێداویستیی زۆری دەوێت و پەروەردەکردنیش لەم سەردەمەی ئێستا سەختە، بارودۆخی ژیانیش قورسە و وەک جاران نییە. لە ڕوانگەی ئابووریشەوە، ئەگەر سەیری دوای ڕاپەڕین بکەین دەبینین خێزان لە ڕوانگەی ئابوورییەوە ئەوەندە باش نەبوونە قەیرانی دارایی هەبوو کە کاریگەری بەسەر تەواوی ژیانی خێزانەکان هەبوو، بە پێچەوانەوە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و کرانەوەی کوردستان بە ڕووی جیهانی دەرەوە و هاتنی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ کوردستان، وایکرد ئاستی ئابووری خێزانەکان باش بێت و بەرزبێتەوە لەگەڵ زیادبوونی هەلی کارکردن بۆ تاکەکان، ئەگەر سەیری بواری ڕاگەیاندنیش بکەین بە هەموو ئامرازەکانییەوە بە هەمان شێوە کاریگەری بە سەر خێزان جێهێشتووە بە بەراورد بە قۆناغی پێش ڕاپەڕین ئەو هەموو ئامرازە تەکنۆلۆژییانە بوونیان نەبووە، بەڵام لە دوای ساڵی

(٢٠٠٣)ەوە ئەمـــانە ڕەنگـــدانەوەیان بەســـەر تەواوی ژیـــانی خێزانەکـــان جێهێشتووە لە ڕووی پەیوەندی، قەبارە و زیادبوونی گرفتەوە.

پارێزگـای هەولێـر کە ژمـارەی دانیشـتوانی (٠١,٢) ملیـۆن کەسـە (لە خەمڵانـدنی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق بـۆ مـاوەی نێـوان (٢٠٠٩-٢٠١٠) دەســـتەی ئامارەکـــانی هەرێمـــی کوردســـتان٢٠١٤) کە پـایتەختی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراقە. ئەم پارێزگـایە وەک شـوێنەکانی دیکەی هەرێمـی کوردسـتان بە قـووڵی کەوتـۆتە بەر کـاریگەری لێشـاو و شەپۆڵە تازەکانی ئاوارەبووان، کە لە ئەنجامی شەڕ و ململانێکانی سووریا و بەشـەکانی دیکەی عێـراقەوە سـەریان هەڵداوە و هەروەهـا ئەو قەیـرانە دارایـیە سـەراپاگیرییەی کە کـاریکردۆتە سـەر لایەنـی گشـتی و تـایبەتیی ئـابووری، پارێزگـای هەولێـر لە مـاوەی (٥) سـاڵی ڕابـردوودا پەنـابەرە سـووریيەکانی لەخۆگرتـووە. ئەو سـاتەی کە ئەو لێشـاوە دەسـتیپێکرد هەرێمی کوردستانی عێراق سەقامگیرییەکی ڕێژەیی و بەرەوپێشـچوونێکی ئـابووری بەخـۆیەوە دەبینـی. چـونکە ئەو خەڵکـانەی کە پەنـاخواز بـوون هاتنە ناو ژینگەی خەڵکێکی دڵ و دەروون باش و بە بەزەیی. لە کۆی ئەو (٣،٤) ملیۆن ئاوارەیەی کە لە ناوخۆی عێراقدا ئاوارە بوون، زیـاتر لە یەک ملیۆنیـان لە هەرێمـی کوردسـتانن. لە بەرئەنجـامی زیـادبوونی ژمـارەی دانیشـتوانە بە ڕێـژەی (٣٠٪) لە مـاوەی تەنیـا (٢) سـاڵدا دەسـەڵاتدارانی هەرێمـی تووشـی نیگەرانـی کـردووە، بە تـایبەت لە بـابەتی دابینکردنـی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا (ڕۆبەرت گویو، ٢٠١٦: ٤).

بۆیە خێزان لە ئێستادا بەهۆی ئەو گۆڕانانەی بەسـەری هـاتووە، بۆ نمـوونە بەکارهێنـانی ئـامرازە تەکنەلۆژییەکـان، بە تـایبەتی ئامرازەکـانی پەیوەنـــدی و ڕاگەیانـــدن دەکرێـــت بڵێـــین لە دوای ســـاڵی (١٩٩١) ەوە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە تـایبەت تەلەفزیـۆن، دواتـریش تەلەفـۆن دواییش ئەنتەرنێت، فاکس، ڤایبەر، تویتەر، مێسنجەر و چەندین ئامرازی دیکە لەناو خێزانـی کـورددا بڵاوبـوونەوە، بـۆیە خێزانـی کـوردی بە ڕووی جیهـانی

دەرەوە کــرایەوە. کەواتە کــۆمەڵگەی کــوردی بە کۆمەڵێــک بــارودۆخی سیاسی و ئابووری خراپدا تێپەڕیوە، کە کاریگەرییان بەسەر سەقامگیری خێزانەوە کردووە و کۆمەڵێک گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئابووری و سیاسی دروســـتکردووە بە تـــایبەت لە دوای ڕاپەڕینـــی ســـاڵی (١٩٩١)، کە ڕەنگــدانەوەی جیاجیــای لە بــواری ڕۆڵــی کــۆمەڵایەتی، پەروەردەیــی، کلتووری و ڕاگەیاندنەوە جێهێشت.

بە تایبەتیش ئەو بارودۆخەی کە خێزانی کوردی لە ساڵی (٢٠١٤)دا تیایدا ژیا جیاواز بوو لە ساڵانی ڕابردوو، چونکە لەو ساڵەدا کۆمەڵێک گرفت سەریانهەڵدا، لەوانە نەبوونی بودجە و هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکان، بۆیە ڕێـژەی بێکـاری زیـادیکرد و بـوو بە (٠،٠٣) بە بەراورد بە سـاڵی (٢٠١٣). چونکە ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٤) گەیشتە (٦،٥٣٪) (سندی، ٢٠١٥، ١٨٣).

ئەم توێژینەوەیە ساڵی (٢٠٠٣)ی کردۆتە خاڵی وەرچەرخان، چونکە دوو جـۆرە خێـزان بەراورد دەکـات ئەو خێزانـانەی پـێش سـاڵی (٢٠٠٣) خێزانیـان پێکهێنـاوە لەگەڵ ئەو خێزانـانەی دوای سـاڵی (٢٠٠٣) خێزانیـان پێکهێناوە. لەم ساڵەدا کۆمەڵێک هۆکار کاریگەرییان هەبووە، یەکێک لەو هۆکارانە هۆکاری سیاسی بوو، واتە گۆڕانی سیستەمی سیاسی بوو لە عێراق کە ناسنامەیەکی تری بەخۆیەوە بینی، کە دەکاتە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس. لەناو دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدڕاڵدا لە ساڵی (٢٠٠٥) حکــومەتی هەرێــم بە شــێوەیەکی فەرمــی دانپێــدانرا، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی هەموو جیهان حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی فەرمی قبووڵ بکەن. لە بواری سیاسی و ئابوورییەوە پەیوەندییەکانی فراوانکرد، بۆ نموونە لە دوای (٢٠٠٣) کۆمەڵێک کونسوڵخانەی بیانی لە هەولێر کرانەوە، چونکە ڕوخانی دەسەڵاتی بەعس جیهانێکی تری بەرە ڕووی کۆمەڵگەی کوردستانی کردەوە، کە تیایدا گەشەکردنی ئابووری و دیموکراسی بەدوای خۆیدا هێنا، بەمەش دەرگاکانی سەرمایەگوزاری بەرە

و ڕووی هەرێم کرانەوە پاشان پەیوەندییەکانی گەشەی کرد. هەروەها لە ڕووی ئابوورییەوە کوردستان توانی سەرنجی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان ڕابکێشێت، ئەمەش وایکرد پارەیەکی زۆر بێتە کوردستانەوە و مووچە و داهاتی خەڵکی بەرزبووەوە و نرخی شتوومەکیش گرانبوو، ئەمەش وایکرد خەڵکی دووبارە خانووی نوێ دروستبکەن و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیریکردن و جیابوونەوەیان لەگەڵ ماڵی باوکیان واتە خانوو و ماڵی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، بەهۆی ئەمەشەوە شاری هەولێر فراوانبوو کۆمەڵێک گەڕەکی نوێ دروستبوون. لەگەڵ ئەمانەش تاکەکان بیریان لە ڕێکخستنی منداڵخستنەوە کردەوە. هۆکاری ئەمەش خۆشگوزەرانی تاکەکان بوو، بەشێوەیەک کە خۆش بژین و پێداویستییەکانیش زیادبوون.

## ئەنجامەکان:

ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە ئەمانەن:

١- خێزان پێکهێنەری سەرەکی و بنەڕەتی دروستبوونی کۆمەڵگەیە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی فۆڕمە جیاوازەکان. دەکرێت بڵێین خێزان ئەو ئامرازەیە کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ لە بوونەرێکی بایۆلۆژییەوە دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کە هەڵگری هەموو ئەو بەها و نۆرمانە بێت کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا پێویستی پێیەتی. خێزان سەرەڕای ئەو گرنگییەی لە ژیانی تاکدا هەیەتی لە ڕووی دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی دەبێتە سەرەتاییترین ئەو گروپە کۆمەڵایەتییانەی کە دەبنە ڕایەڵەی پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگە.

٢- تیۆری بنیادیی وەزیفی کە لە تێکەڵکردنی دوو ئاراستەی هزری جیاواز دروستبووە، بە یەکێک لە تیۆرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی

دادەنریت و مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی خودی کۆمەڵناسی وەکو کایەکی زانستی. بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی لەم تیۆرەدا لەبەر بایەخی ئەم تیۆرە لە لێکدانەوەی دیاردە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە خۆی دەبینێتەوە.

٣- سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ زانستی بایۆلۆژی, بەوەی کە لێکچوونێکی تەواو هەیە لە نێوان جەستەی مرۆڤ و کۆمەڵگە. هەروەکو چۆن دەکرێت لە جەستەی مرۆڤ تێبگەین لە ڕێگای شیکردنەوەی بۆ پێکهاتەکانی و پاشان دیاریکردنی ئەرک و ڕۆڵی هەر پێکهاتەیەک بە تایبەتی، پاشان ئەو ئەرکە تەواوکارییانەی کە هەر پێکهاتەیەک لە بەرانبەر یەکتر هەیانە، لە کۆتاییشدا بە گشتی ئەو پەیوەندییانەی کە لە نێوان ئەندامە پێکهێنەرەکانی لەشدا هەیە لە ڕووی ڕاگرتنی هاوسەنگیی لەش. بەهەمان پارادایم دەکرێت لە کۆمەڵگەش تێبگەین وەکو پێکهاتەیەکی ئاڵۆز.

٤- لە ڕوانگەی تیۆری بنیادیی وەزیفییەوە کۆمەڵگە لە کۆمەڵێک پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاواز پێکدێت, کە خێزان سەرەکیترینیانە. ئەم پێکهاتانە بریتین لە دامەزراوەکان, هەر دامەزراوەیەک سیستەمێکی تایبەت بەخۆی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا هەیە، ئەو پەیوەندییە هاوبەش و دوو لایەنەی کە لە نێوان دامەزراوە جیاوازەکاندا هەیە بنیادی هەر کۆمەڵگەیەک پێکدێنن. واتە ڕاگرتنی کۆمەڵگە لە باری هاوسەنگی و سەقامگیری پشت دەبەستێت بەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە دامەزراەکان لەئەستۆیان گرتووە، بە پێچەوانەشەوە جێبەجێنەکردنی ئەو ئەرکانە, دەبێتە هۆی دروستبوونی کەموکوڕی سەرەتا لەو دامەزراوە پاشان تەشەنە دەکات بۆ تەواوی سیستەمەکانی تر و کۆمەڵگە دەخاتە بارێکی نائارامەوە, کە دەکرێت بە قۆناغی بارگۆڕین یان گۆڕان ناوببرێت.

٥- تیـۆری بنیـادیی وەزیفـی کەمتـر گرنگـی بە فـۆڕم و بـنەچەی مێژوویـی خێـزان دەدات بەڵکـو زیـاتر جەخـت لەسـەر گرنگـی خێـزان دەکاتەوە وەکو بەشێک لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بە گشتی. خێزان وەکو یەکێـک لە دامەزراوەکـانی کـۆمەڵگە کۆمەڵێـک ئەرکـی لەسەرشـانە تـاکو بەرانبەر تاک و کۆمەڵگە ئەنجامیبدات. سەرەکیترین ئەرکیشی ناردنی تاکە بۆ ناو کۆمەڵگە بەو پێداویستییانەوە کە کۆمەڵگە داوای دەکات. لە ڕێگای ئەو ئەرکـانەوە ژیـانی کـۆمەلایەتی تاکەکـانی گرێـدەدات بەکـۆمەڵگەوە هەروەهـا پارێزگـاری لە مـانەوەی جـۆری تـاک و کـۆمەڵگە دەکـات. هەر کەمتەرخەمیـیەک لەو ئەرکـانەی کە خێـزان لەسـەریەتی جێبەجێیبکـات بەرانبەر بە تاک و کۆمەڵگە دەبێتە هـۆی سـەرچاوەی دروسـتبوونی کێشـە و گرفـت لەسـەر ئاسـتی ژیـانی تـاک و کـۆمەڵگە، چـونکە ئەرکەکـان تەواوکەری یەکتـرن، وا دەردەکەوێـت کە زۆربەی گرفتەکـانیش هەر لە خێـزانەوە سـەرهەڵبدەن. بە بەکارهێنـانی ئەم تیـۆرە دەکرێـت لە زۆر لەو گۆڕانکارییانە تێبگەین کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ڕابردوو ڕوویانداوە و هەروەهـا لە ئیستاشـدا ڕوودەدەن، کە گرنگرینیـان گـۆڕانی پـێگە و ڕۆڵـی ئافرەتە لە خێزان و گۆڕانی پەیوەندی، قەبـارەی خێزان و مەودای ئازادی تاکە لە خێزان.

٦- خێـزان گرنگتـرین گرووپـی کـۆمەڵایەتییە لە کـۆمەڵگە تـاک بەرهەمدێنێت و پێداویستییەکانیان فەراهەمدەکات، چونکە تاک پێویسـتی بە هاوکاری خێزانە بۆ ئەوەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی بەردەوام بێت. سـەرەڕای ئەو گۆڕانانەی کە لە جیهان و کوردستانیش ڕوودەدەن، خێزانی کوردیش تـا ئاسـتێک توانیـویەتی پارێزگـاری لەو بەهـا کۆمەڵایەتییـانە بکـات کە پەسـەندن. سـەرەڕای ئەوەش زۆرێـک لە ئەرک و ڕۆڵـی کـۆمەڵایەتیی تاکەکان لەژێر کاریگەری ئەم بارودۆخانە گۆڕاون، بۆیە خێزانی کوردیش لەژێـر کـاریگەریی ئەو فـاکتەرانەیە کە بەردەوام کاریتێـدەکەن هەوڵـدەدەن بیگۆڕن، یەکێک لەو فاکتەرانەش هێرشی کلتوورییە کە هەوڵی گۆڕینی ئەو

بەها کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییانە دەدات کە خێزانی کوردی لەسەری جێگیر بووە.

٧- گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە، ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە، لەوانە هۆکاری کلتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی، کە هەریەکەیان کاریگەرییان بەسەر ئەویترەوە هەیە بە تایبەت لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی و لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە کۆمەڵێک گۆڕان ڕوویانداوە لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە بارودۆخێکی نوێی دروستکرد، لەگەڵ ئەوەش بنیادی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانیان گۆڕیوە لە هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانی خەڵک.

## ڕاسپاردەکان:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا پێویستە کۆمەڵێک ڕاسپاردە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکەین، بە ئامانجی جێبەجێکردن و شیکردنەوەی تیۆری بنیادیی وەزیفی بەسەر خێزان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا:

١- کەڵەکەبوونی مەعریفەی زانستی لە بواری کۆمەڵناسی تاڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە ژمارەی ئەو توێژینەوانەی لەو بوارەدا ئەنجام دەدرێن، بەهۆی گرنگیی بابەتی خێزان لە چوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسیدا, پێوستی بەوەیە کە بکرێتە تەوەرەیەکی سەرەکی لە توێژینەوە زانستییەکان لە بواری کۆمەڵناسی بە ئامانجی بنیادنانی کەلەپوورێکی زانستی لەم بوارەدا.

٢- توێژینەوە لە بواری خێزان, بە گشتی یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی پێکهاتەی خێزانی کوردی و ئەو گۆڕانکارییانەی

که بەسەر خێزانی کوردیدا هاتوون لەماوەی ساڵانی رابردوودا، بۆ دەوڵەمەندکردنی تێگەیشتنمان لە خێزان پێویستیمان بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی فراوان هەیە بە بەکارهێنانی تیۆر و ئامرازە میتۆدییە تازەکان.

٣- دۆزینەوەی سەرچاوەی زۆربەی ئەو کێشانەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەدیدەکرێن لە خێزانەوە دەستپێدەکات, بۆیە هەنگاوێکی باشە کە ناوەندەکانی توێژینەوە و دامەزراوە فەرمییەکانی کوردستان هەوڵبدەن زیاتر هانی توێژەران بدەن کە گرنگی بە بواری توێژینەوەی خێزانی بدەن بە ئامانجی ئەوەی هەوڵی دیاریکردنی کێشە و گرفتەکان بەشێوەیەکی زانستی بدرێت.

**سەرچاوەکان:**


- آل عبداللە، محمد (٢٠١٤). *"دەروونزانی کۆمەڵایەتی"*، و: ئارام ئەمین شوانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- أحمد، أمل (٢٠٠٣). *"تغير بنية ووظائف الاسرة السودانية - دراسة عن مدينة الثورة بولاية الخرطوم"*، رسالة الماجستير غير منشورة، مقدمة الى قسم الاجتماع و الانثربولوجيا، كلية الدراسات الاقتصادية والاجتماعية، جامعة الخرطوم، السودان.

- أسماء، لبلق (٢٠١٥). *"التحولات الثقافية والرمزية لمراسيم الزواج في الأسرة التلمسانية"*، جامعة وهران ٢، لنيل شهادة الماجستير في علم الأجتماع الثقافي، كلية العلوم الأجتماعية.

- اونسة، اونسة (٢٠١٤). *"التربية الاسرية (تحديات الواقع المعاصر والرؤية المستقبلية)"*، الطبعة الأولى، بغداد، دار نيبور للطباعة والنشر والتوزيع.

- تركية، بهاءالدين (٢٠٠٤). *"علم الإجتماع العائلة"*، جامعة دمشق.

- الحاج، بلقاسم (٢٠٠٩). *"المرأة و مظاهر تغير النظام الأبوي في الأسرة الجزائرية-دراسة ميدانية وصفية لأهم مظاهر التغير الاجتماعي في الوسط الحضري للعاصمة"*، الجزائر، رسالة الماجستير غير منشورة، مقدمة الى قسم الإجتماع، كلية العلوم الانسانية والإجتماعية، جامعة الجزائر بن يوسف بن خدة.

- حجازي، أحمد (١٩٩٨). *"التغير الأجتماعي وواقع البلدان الأقل تطورا رؤية نقدية ودراسات تطبيقية"*، جامعة القاهرة، شركة الهدى للطباعة والكمبيوتر.

- الحسن، احسان (١٩٨٢). *"الأسس العلمية لمناهج البحث الأجتماعي"*، بيروت، دار الطليعة للطباعة والنشر.

- الحسن، احسان (١٩٨٨). *"الأسس العلمية لمناهج البحث الاجتماعي"*، الطبعة الثانية، بيروت، دار الطليعة.

- الحسن، إحسان (١٩٩٩). *"موسوعة علم الأجتماع"*، الطبعة الأولى، بيروت، دار العربية للموسوعات.

- حسن، عبدالباسط (١٩٨٢). *"علم الأجتماع"*، الطبعة الثانية، القاهرة، دار غريب للطباعة والنشر.

- حسين، توانا (٢٠٠٨). *"هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە خێزانی کوردی دا- توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی"*، نامەیەکی ماستەرە

بڵاونەکـراوەتەوە، پێشکەشــی بەشــی کۆمەڵناســی کـراوە، کـۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی پـلان دانـان، دەسـتەی ئامــاری هەرێــم (٢٠١٤). ڕاپــۆرتی پێشــبینی دانیشــتوانی هەرێمــی کوردستان بۆ ماوەی (٢٠٠٩- ٢٠٢٠) بەشی دانیشتوان و هێزی کار. مەزەندەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە بەکارهێنانی پڕۆگرامی دیمـوگرافی (spectrum) بـۆ سـاڵەکانی (٢٠٠٩- ٢٠٢٠) وەزارەتــی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم.

- حلمـي، إجـلال (١٩٩٠). "*دراسـات عربيـة فـي علـم الاجتمـاع الأسـري*"، الطبعة الأولى، دبي، دار القلم للنشر والتوزيع.

- حەسـەن، ئیحسـان (٢٠١٢). "*تیـۆرە کـۆمەڵایەتییە پێشـکەوتووەکان – توێژینەوەیەکی شیکاری تیۆرە کۆمەڵایەتیە هاوچەرخەکانە*"، و: دیدار ئەبو زێد، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- الخشـاب، سـامية (٢٠٠٨). "*النظريـة الأجتماعيـة دراسـة الأسـرة*، الطبعـة العربية الأولى، القاهرة، الدار الدولية للاستثمارات الثقافية ش.م.م.

- خەمەش، مەجــدەدین (٢٠١٢). "*کۆمەڵناســی بــابەت و میتــۆد لەگەڵ جەختکردنەسـەر کـۆمەڵگەی عەرەبی*"، و: عبدالله خورشید و ئەوانی تر، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- درواش، رابـح (٢٠١٢). "*علــم اجتمــاع العائلــة*"، القــاهرة، دار الكتــاب الحديث

- الدويكات، سناء (٢٠١٨). "*مفهوم المجتمع*"،

- دێلــوی، هیــوا حــاجی (٢٠١٣)، *کــۆمەڵگەی کــوردی و گــۆڕانە کولتورییەکان*، گۆڤاری تاوی کۆمەڵایەتی، ژمارە ٥٢، هەولێر.

- الزيبـاری، طـاهر (٢٠١١). *"أسـاليب البحـث العلمـي فـي علـم الأجتمـاع"*، الطبعـة الأولـی، ، بيـروت، مجـد لمؤسسـة الجامعيـة للدراسـات والنشـر والتوزيع.

- الزيبـاري، طـاهر (٢٠١٦). *"النظريـة السوسـيولوجية المعاصـرة"*، الطبعـة العربية الأولى، عمان، شركة دار البيروتي للنشر والتوزيع.

- زێبـاری، تـاهیر (٢٠١٧). *"تیـۆری هـاوچەرخ لە کۆمەڵناسـیدا"*، چـاپی دووەم، هەولێر، کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان.

- ســندی، بەدرخـــان (٢٠٠٨). *"کــۆمەڵگەی کــوردەواری لە دیــدی ڕۆژهەڵاتناسـیدا"*، و: د. ئیسـماعیل ئیبـراهیم سـەعید، چـاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی.

- سندي، علـي عوسـمان و محمـد، سـیروان (٢٠١٤) ڕاپۆرتی ڕووپێوی هێـزی کـار لە هەرێمـی کوردسـتان. بەشـی دانیشـتوان و هێـزی کـار، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلانـدانان، دەسـتەی ئامـاری هەرێمی کوردستان،:.www.krso.gov.krd

- السـنهوری، أحمـد (١٩٩٤)." *الخدمـة الأجتماعيـة فـي مجـال الأسـرة والطفولة"*، القاهرة، مكتبة المعارف الحديثة.

- شـوانی، دانـا (٢٠١١). *"دەروازە بەراییەکـانی سۆسـیۆلۆژیای نەوە"*، *کۆمەڵناسی*، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٧، هەولێر، چاپخانەی منارە.

- صـالح، حسـام (١٩٧٥). *"علـم إجتمـاع الأسـرة والطفولـة*، جامعـة الملـك فيصل، عمادة التعلم الإلكتروني، والتعليم عن بعد.

- الصديقي، سلوي (٢٠١٢). *"الأسرة والسكان من منظور اجتماعي و ديني"*، الأسكندرية، دار الكتب والوثائق القومية، المكتب الجامعي الحديث.

- الضبع، عبدالرؤف (٢٠٠٣). *"علم الأجتماع العائلي"*، الطبعة الأولى، بغداد، الناشر دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر.

- العبدالله، محمد، و آخرون (٢٠١٦). *"علم الأجتماع العائلي"*، جامعة دمشق، مطبعة منشورات جامعة دمشق.

- عبدالرحمن، عبدالله، و غنيم، السيد رشاد (٢٠٠٨). *"مدخل علم الأجتماع"*، الطبعة الأولى، الإسكندرية، دار المعرفة الجامعية للطبع والنشر والتوزيع.

- عبدالوهاب، عبدالوهاب (٢٠٠٠). *"الطلاق كآلية من آليات تفكك الأسرة المصرية"* (رصد للواقع وإستكشاف ملامح المستقبل)، قاهرة.

- عبيد، عبدالله (٢٠١٨). *"تعريف المجتمع في علم الأجتماع"*، موسوعة وزي وزي.

- عطو، نوري (٢٠٠٧). *"الكورد رؤيا حضارية وثقافية"*، الطبعة الأولى، أربيل، مطبعة ميديا أربيل، مكتبة المديرية العامة للثقافة والفنون.

- عمر، معن، والعاني، عبدالطيف (١٩٩١). *"المشكلات الأجتماعية"*، بغداد، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.

- عيزەت، فائيزە (٢٠١٤). *"ژیانی کۆمەڵایەتی کورد لە نێوان سەدەکانی (٤-٩ ک/ ١٠-١٥ ز)"*، و: سەرمەد ئەحمەد، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی موکریانی.

- القريشي، غني (٢٠١٧). *"المداخل النظرية لدراسة العائلة (النظرية الوظيفية)"*، جامعة بابل، ٢٠١٧/٨/٢.

- القصيري، أنعام (١٩٨٨). *"التضامن الجتماعي في الاسرة العراقية خلال فترة الحرب – دراسة ميدانية في مدينة بغداد"*، جامعة بغداد، بغداد، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى قسم الاجتماع، كلية الاداب.

- قەرەداغی، عەتا (٢٠٠١). *"کۆمەڵگەی کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی"*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی داناز.

- کۆڤی، ستیڤن (٢٠١٤). *"٧ خووەکەی خێزانی پێشەنگ"*، وەرگێڕانی د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی هیوا فاوندەیشن.

- ماكدووال، ديفيد (٢٠١٢). *"الكورد شعب أنكر عليه وجوده"*، ترجمة: عبدالسلام النقشبندي، الطبعة الأولى، مطبعة آراس، أربيل، دار آراس للطباعة والنشر.

- مستەفا، تەلار (٢٠٠٩). *"دەسەڵاتی بڕیاردان لە خێزانی کوردی دا- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی"*، نامەیەکی ماستەرە بڵاونەکراوەتەوە، پێشکەشی بەشی کۆمەڵناسی کراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- ميشيل، دينكن (١٩٨٠). *"معجم علم الاجتماع"*، ترجمة: د. إحسان محمد الحسن، بغداد، دار الحرية للطباعة، وزارة الثقافة والاعلام.

- هەروتی، سەعدی (٢٠١٣). *"چەند لایەنێکی مێژووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان لەسەردەمی عوسمانییدا"*، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.

- Ritzar,George. And Goodman, Douglas. , (2004) .sociological theory, McGraw Hill. Boston.
- Singleton Jr, Royce, and Straita Bruce C. (2005). Approach to Social Research. 4th edit. Oxford, Oxford University press. Hitm//www/inhabvon.edai,incoleges lecture asnx?fid.24823.

## توضيف نظرية البنائية الوظيفية على العائلةفي المجتمع الكوردستاني

***مدرسة مساعدة زەریا أحمد طاهر***

**ملخص:**

إن العائلة و ظهورها ترجع الى بداية إظهار الحياة اإلجتماعية لإلنسان على األرض، فجأت أهميتها فيالتكوين و طبيعتها أثر إنعكاساتها على المجتمع من حيث مراحل تطورها وأساليب تقدمها، فلذلك نرى محاوالت عديدة لفهم و تفسير هذه المؤسسة اإلجتماعية باإلضافة الى مداخالت نظرية من قبل منظرين و سوسيولوجيين ومن أبرز تلك المداخالت هي نظرية البنائية الوظيفية وتعد النظرية الوظيفية من أكثر النظريات إنتشارا في دراسة العائلة. تهدف هذه الدراسة إلى تطبيق النظرية البنيوية الوظيفية على الأسرة على مجتمع كردستان والتي هي مجموعة الدراسة نفسها ، كما أنها تظهر بنية الأسرة ووظيفتها في الواقع. إنها بحث نظري تحليلي يستخدم منهجًا نوعيًا يستند إلى تحليل النص النظري. ال سيما تلك الدراسات التي ركزت على عالقة العائلة بغيرها من المؤسسات اإلجتماعية األخرى الموجودة في المجتمع وعلى وظائف التي تؤديها العائلة ألفرادها وللمجتمع ككل، ولألهم سمات هذه النظرية هي تشبيه المجتمع بالكائن الحي من حيث البناء والوظيفة، على أساس أن كائن الحي يتكون من أعضاء ولكل عضو وظيفة يقوم بها. وتعرف الوظيفة بأنها الدور الذي يقوم به الجزء )العضوا( من أجل إستمرارية الكل )الكائن الحي .)فالهدف الرئيسي في هذه الدراسة هو توظيف المبادىء األساسية لهذه النظرية في تكوين العائلي بشكل عام والعائلة

الكردية بشكل خاص .النتائج الرئيسية التي خلصت إليها الدراسة هي ، أولاً ، المجموعة الاجتماعية الأولى التي يعيش فيها الأفراد وتلبي احتياجاتهم من خلال العائلة. يحتاج الجميع إلى مساعدة العائلات للاستمرار في الحياة الاجتماعية. على الرغم من التغييرات التي حدثت على الأسرة في كردستان وحول العالم ، فقد تمكنت الأسرة الكردية من الحفاظ على قيمها المفضلة. لتوسيع بعض الأدوار الاجتماعية ووظائف الأفراد قد تغيرت من خلال التأثير على الوضع الحالي ، تم تغيير الأسرة من خلال هذه العوامل أيضا. العامل الأكثر وضوحاً الذي يسبب إجراء تغييرات في الأسرة هو الهجوم الثقافي. إنها تدمر التراث الثقافي للأسرة الكردية. التغيير هو عملية مستمرة في كل مجتمع بسبب الأسباب الاجتماعية والثقافية والسياسية والاقتصادية ، وكل منها له آثار على الآخرين. مر المجتمع الكوردي من خلال تغيير كبير في كل جانب من جوانب الحياة الاجتماعية ، فقد جعل حالة جديدة وتغيير في البنية الاجتماعية للمجتمع الكردي.

## Abstract

### Apply structural functional theory on family in Kurdish society

When human beings gathered as groups in a communal lifestyle, family occurred as an important element of their lives: the importance of family reflected on their lives and development steps. That is Why scholars have been researching it. Sociology has been one of the majors that study family, more specially the theorists of structural functionalism. This study aims to apply structural functionalism theory on family on Kurdistan society which is the population of study itself, it also shows up the structure and function of family in reality. It’s an analytical theoretical research that uses qualitative approach based on analyzing theoretical text. The theory interprets family as an organ in the society that has connections with all other agencies, and see family as a tool of social control in the society. In addition to that, it says that any change or movement within individuals lives, there

is going to a change on the family patterns. The main results which came out from the study are, firstly, a first social group that individuals live in and meet their needs through is family. Everyone needs families' help to continue in social life. In spite of changes have taken place on family in Kurdistan and around the world, Kurdish family have been able to preserve its favorable values. To some extend the social roles and functions of individuals have changed by affecting the current condition, family has been changed by these factors too. The most obvious factor that causes to make changes in family is the cultural attack. It destructs the cultural heritage of Kurdish family. Change is an ongoing process in every society due to social, cultural, political and economic reason, each reason effects on others. Kurdish society passed through a considerable change in every aspect of social life, it has made new condition and change in social structure of Kurdish society.